دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٩٦

www. kurdistanukurd.com

سێشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٨٧ ـ ٢١ی ئۆکتوبری ٢٠٠٨ ـ ١٥٠ تمەن • ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



**پیرۆز بێ سەرکەوتنی ئیرادەی پتەوتان**

سیاسی



**ئەم مانگرتنە بەشێک لە پرۆژەی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد بوو**

کوردستانی



**تورکیە پێویستی بە دوکلێرکە نەک ئەردوغان**

کۆمەڵایەتی



**چیرۆکی حیجابی زۆرەملی لە ئێران و یەکەم هەنگاوەکان**

## لە بەرەبەری بەسترانی پەیمانی ئەمنییەتیی عێراق . ئەمریکادا

# تاران لە عێراقدا پەرە بە ئاژاوەگێری دەدا

## ئێران و پەیمانی ئەمنییەتیی عێراق ـ ئەمریکا

عەولا بەهرامی

هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی وادەی دیاریکراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و کۆتایی خولی دووەمی سەرکۆماریی جۆرج بوش، کاربەدەستانی کۆشکی سپی و ڕێبەرانی عێراق هەوڵەکانیان بۆ یەکلاکردنەوەی نێوەرۆکی پەیماننامەی ئەمنییەتیی نێوان دوو وڵات چڕ کردۆتەوە. بۆیە دەکرێ چاوەڕوان بین بەر لە دەست پێکردنی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا لە ڕۆژانی سەرەتای مانگی نوامبردا ئەم پەیماننامەیە لە لایەن هەر دوو وڵاتەوە واژۆ بکرێ. هاوتەریب لەگەڵ ئەم هەوڵانەش دا لایەنەکانی دژ بەو پەیمانە چ لە نێو عێراق و لە ناوچەدا گوڕیان بە هەوڵەکانی خۆیان بۆ تەگەرە خستنە سەر ڕێگای واژۆکردنی ئەو پەیماننامەیە بەخشیوە. لەم نێوەدا گرووپی توندڕەوی سەدرو پشتیوانە شیعەکەیان (ڕێژیمی تاران) زۆرترین دژایەتییان لەگەڵ ئەم پەیماننامەیە کردوەو تەنانەت گرووپی ناوبراو لەم ڕۆژانەدا بە هاوکاری و دنەدانی ڕێبەرانی تاران خۆپێشاندانێکی بەرینیان دژی ئەم پەیمانەو مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دا لە شاری بەغدا بەڕێوە برد.

هەر چەند هەم ڕێژیمی شیعە مەزهەبی تاران و گرووپی سەدر لەو بارەوە کە بیر لە باڵادەستیی شیعەکان لە عێراقی نوێ داو تەنانەت دامەزرانی حکومەتێکی هاوشێوەی حکومەتی ئێستای ئێران لە عێراق دا دەکەنەوەو نایانەوێ دەوڵەتی ئەمریکا پشتیوان و هاوپەیمانی حکومەتی نوێی عێراق بێ، بەڵام دژایەتییەکانی ئێران لەگەڵ پەیمانی ئەمنییەتیی بەغدا ـ واشینگتۆن لایەن و ڕەهەندی دیکەش دەگرێتەوە. ئەگەر لەم گۆشە نیگایەوە لە پرسەکە بڕوانین دەتوانین بڵێین ئەگەر واژۆ کرانی ئەم پەیماننامەیە بە دەسکەوتێك بۆ ئەمریکا لە عێراق و سیستمی نوێی دەسەڵاتداری لە عێراق دەژمێردرێ، لە هەمان کاتدا بە شکستێك بۆ سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەو دەستتێوەردەرانەی ڕێبەرانی تاران دەژمێردرێ کە دەیانەویست بە شکست پێ هێنانی ئەمریکا لە عێراق جگە لە ئامانجە تاکتیکییەکان، ڕێگە لە سەقامگیربوونی حکوومەتی نوێی ئەو وڵاتە بگرن. چونکە دەزانین سەقامگیربوونی سیستمی نوێی دەسەڵاتداری لە عێراق جگە لەوە کە بە واتای لە گۆڕنرانی خەونی پەرەپێدانی کەوانەی شیعەی کاربەدەستانی تارانە، دەتوانێ لە چەند بارەوە ببێتە مۆدێلێك لە ناوچەداو لەم نێوەش دا بۆ خەڵکی ئێران کە ٣٠ ساڵە بە دەست دەسەڵاتێکی سەرەڕۆی مەزهەبییەوە دەناڵێنن. جگە لەمانە بەسترانی پەیمانی ئەمنییەتی لە نێوان عێراق و ئەمریکاداو کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، دەستی ئەم وڵاتە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دا ئاوەڵاتر دەکا.

چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە ئەم پەیمانە سەرەڕای دژایەتیی هێندێك لە گرووپە شیعەو سوننەکان و دەستتێوەردان و دژایەتیی وڵات گەلێکی وەك ئێران لە واژۆکران نزیك بۆتەوە. بەڵام بەو حاڵەش ناکرێ پێمان وابێ بە بەسترانی ئەم پەیمانەو سەرەنجام کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە خاکی عێراق کۆتایی بە دەستتێوەردانی وڵاتانی ناوچە لە کاروباری نێوخۆیی عێراق دێ، چونکە هەرکام لە وڵاتانی ناوچە بەرژەوەندو ئامانجی خۆیان لە عێراق دا هەیە.

---

بەرەی تەوافوقی عێراق دوابەدوای خۆپێشاندانی دەیان هەزار کەسیی شیعەکانی عێراق بە دژی ڕێکەوتننامەی نێوان عێراق و ئامریکا، ڕایگەیاند کە ئێران لە پشت ئەم خۆپیشاندانەوەیە و ئەم وڵاتە خەریکە بەتەواوەتی عێراق داگیر دەکا.

لەم پێوەندیەدا تەها لوهێنی ئەندامی بەرەی تەوافوق ڕایگەیاند: موقتەدا سەدر بە هاندان و پشتیوانیی ئێران ئەم خۆپیشاندانەی ڕێکخست و ئێران لەم ڕێگایەوە بە جۆرێك خەریکە وڵاتەکەمان داگیر دەکا. لوهێنی پشتیوانیی بەرەی تەوافوقی لە ڕێکەوتننامەی نێوان عێراق و ئامریکا ڕایگەیاند و وتی: ئێران یەکەم داگیرکەری عێراقە و ئەم ڕێککەوتننامەیەش بە قازانجی داهاتووی عێراقە بۆیە پشتیوانیی لێ دەکەین.

لە هەمان کات دا ڕۆژنامەی نیویورک تایمز بەڵگەنامەیەکی نهێنیی ئەمریکای بڵاو کردەوە کە لەودا ئاماژە بە زانیاریی ئەو چەکدارە عێراقییانە کراوە کە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە گیراون و دانیان بەوە داناوە کە لە ئێران ڕاهێنراون. ئەو ڕۆژنامەیە هەروەها ئاماژەی بەوەش کردوە کە بەپێی بەڵگەنامەکە تۆڕێکی بەربڵاو لە عێراقییەکان دەچنە خاکی ئێران و لەوێ لەلایەن ئێرانییەکانەوە خولی تایبەتیان بۆ پێك دێ.

سەرەڕای ئەوەی هێرشی میلیشیا چەکدارەکان بۆ سەر ئەمریکاییەکان کەم بۆتەوە، بەڵام بەرپرسە نیزامییەکانی ئەمریکا لە عێراق ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ژمارەیەك چەکدار کە بە "گرووپە




تایبەتەکان" ناویان دەبرێ لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوەو ئامانجیان دروست کردنی پشێوی و تەگەرە خستنە بەر هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ پەرەگرتنی دەستتێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری نێوخۆییئەم وڵاتەدا سەرچاوەیەکی عێراقی بڵاوی کردەوە هێزەکانی پاسەوانی سنوور لە پارێزگای دیاله لە نێو خاکی عێراق و لە سنووری مەندەلی چوار پاسداری ئێرانییان بە جلوبەرگی نیزامی و چەك و چوڵەوە قۆڵبەستکردوە.

ئەسواتولعیراق، لەم پێوەندیەدا بڵاوی کردەوە کە هەر چوار پاسدارە ئێرانییەکە لە لایەن هێزەکانی پاسەوانی سنووری عێراقەوە دەستبەسەر کراون و لە ژێر لێکۆڵینەوە دان.

## ئایەتوڵڵا بروجێردی بۆ "نا" گوتن بە حکومەتی دینی داوای ڕێپێوانێکی سەرانسەری دەکا



ئایەتوڵڵا بروجێردی کەسایەتیی ئایینیی شیعە کە خوازیاری جیایی دین لە حکومەتە لە نامەیەکی سەر ئاوەڵادا بۆ خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم ڕایگەیاندوە کە ئێستا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران خوازیاری درێژە کێشانی تەمەنی حکومەتی کۆماری ئیسلامی نین و داوا لە خەڵك دەکا کە بەر لە ڕێپێوانی حکومەتی لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان بۆ "نا" گوتن بە حکومەتی دینی ڕێپێوانێکی سەرانسەری بەڕێوەبەرن.

بروجێردی لە نامەکەیدا دەڵێ هەر ئەو زۆرینەیەی خەڵکی ئێران کە بۆ ڕزگاری لە زوڵم و سەرەڕۆیی خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بوون، ئێستاش هەر ئەو زۆرینەیە لە خەڵکی ئێران خوازیاری هەڵوەشانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین. ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ دەبێ لە کەشو هەوایەکی ئازاد دا ریفراندۆمێك بە سەرپەرستی و چاودێریی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەبچێ.

بروجێردی هەروەها ڕایگەیاندوە کە لە هێرشێك دا کە لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە کراوەتە سەر ئەو و لایەنگرانی، لە گازی میکرۆبی و شیمیایی کەڵکی وەرگیراوە و سەدان کەس بریندار بوون و تووشی سەرەتانی مێشك، ڕیخۆڵە، جەرگ و گەدە بوون و هەر مانگێك چەند کەس لەوانە بە شێوەیەکی دڵتەزێن گیانیان لە دەست دەدەن.

ناوبراو هەروەها لە درێژەدا بە خامنەیی دەڵێ ئێوە لەو ٣٠ ساڵەدا چیتان بەو خەڵکە داوە کە ئێستا شانازیی پێوەبکەن، مەگەر جگە لەوەیە کە ئەگەر ڕێژەی کوشت و کوشتار و لەنێو بردنی ناڕازییان و سڕینەوەی حیزبە نەیارەکان و... بکرێنە پێوانە بە ڕادەی ٢٥٠٠ ساڵ دەسەڵاتی پاشایەتی زوڵم کراوە.


لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا

## کەبوودوەند ڕەخنە لە سیستمی ئاپارتایدی سیاسی، دادوەری و میدیایی دەگرێ

محەمەد سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی دەسبەسەر کراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا کە لە زیندانی ئێوینەوە بڵاوی کردۆتەوە ڕەخنە لە زاڵ بوونی سیستمی ئاپارتایدی سیاسی، دادوەری و میدیایی لە ئێران دەگرێ.

کەبوودوەند لە نامەکەیدا دەڵێ ئاپارتایدی سیاسی، دادوەری و میدیایی لە ئێران، نەتەوە پەراوێزخراوەکانی ئێران، کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان، ناڕازیان و دژبەرانی سیاسی لەخۆ دەگرێ و خەڵکی کوردیش لە ئێران وەکوو نەتەوەیەکی پەراوێزخراو بە هۆی خەبات و چالاکیی سیاسی و مەدەنیی دەیان ساڵەیانەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە لایەن سیستمی ئاپارتایدی زاڵەوە کەوتۆتە ژێر فشارەوە.

کەبوودوەند لە درێژەدا ڕەخنە لە هەڵوێستی دامەزراوە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی و یەك لەوان یەکیەتی ئورووپا دەگرێ و دەڵێ سەبارەت



بە مافی مرۆڤ ئیدەیەك بە سەر ئەوان دا زاڵە کە جێگەی نیگەرانییە. پێشێلکرانی بەربڵاوی مافی مرۆڤ، ئەشکەنجەو زیندانی و ئێعدامی هەزاران ئینسانی بێتاوان تەنیا لە ئامارەکانی ئەو ڕێکخراوانەدا ئاماژەی پێ دەکرێ، بەڵام پێشێلکرانی مافی مرۆڤی تاکە کەسێك "تراژیدیا"یە.

# کارو تێکۆشانی تەبلیغی ئەندامانی حیزب لە ناوچەی ڕەبەت

ئەندامانی سەر بە ڕێکخستنی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ڕەبەت بە مەبەستی پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی کورد لە ئێران، کار و چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی کورد لە چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیم، شەوی ٢٢ی ڕەزبەر ئەندامانی سەر بە ڕێکخستنی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ڕەبەت بە شێوەیەکی بەربڵاو دروشم و تراکتی پشتیوانی لە زیندانیانیان لەگەڵ وێنەی ڕێبەرانی شەهید، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی شاردا بڵاو کردەوە.




ئەو شوێن و گەڕەکانەی کاری تەبلیغیان تێدا کراوە بریتین لە:

بەردەرکی شارەوانی، بازاری سەرەکی شار، مزگەوتی شار، باغی ساڵح ئاغا و زۆرێك لە قوتابخانەکانی شاری ڕەبەت.

# هەیئەتێکی یەکیەتی پارلمانتێرانی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حدك دەکا



دوانیوەڕۆی دووشەممە ٦ی ئۆکتۆبر (١٥ی ڕەزبەر) هەیئەتێکی یەکیەتیی پارلمانتێرانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز نیعمەت عەبدوڵڵاپوورداود و بە ئەندامێتیی بەڕێزان محەممەد عەلی جێگری سەرۆك، شێخ مەزهەر هیرانی، جەلال خۆشناو، نادر حەمەی قادر و بە هاوڕێیەتیی کاك مەلا ڕەسوول پێشنەماز، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد. هەیئەتی یەکیەتیی پارلمانتێرانی کوردستان لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێك هاتبوو لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی بەڕێزان کەماڵ کەریمی، حەسەن ڕەستگار، حەسەن قادرزادە و قادر وریا و سمایل بازیار جێگری بەرپرسی کۆمیسیونی پێوەندییە کوردستانییەکان، پێشوازی لێ کرا.

ئەندامانی هەیئەتی یەکیەتیی پارلمانتێرانی کوردستان، دوای ناساندنێکی کورت و چونیەتیی دروستبوونی ئەم یەکیەتی‌یە و ئەرکەکانی، مەبەستی خۆیان لە سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەوڵدان بۆ لێك نزیك کردنەوەی ئەم حیزبە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیاند. دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێزی لەم هەوڵەیان گرت و ڕایگەیاند بە پێڕەوی لە بڕیار و پەسەند کراوەکانی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزب، پێشوازی لە هەموو هەولێك لەو پێوەندییەدا دەکەن.

# شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان دەکا



کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠ی ڕەزبەر شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانیان کرد و هەر دولا سەبارەت بە هێندێك مەسەلەی پێوەندیدار بە ناوچە و کوردستان بیروڕایان گۆڕییەوە.

شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان حەسەن ڕەستگارو مستەفا مەولودی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، سمایل بازیار جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی پێوەندی‌یە کوردستانییەکان و محەممەد حەسەنپوور کادری سکرتاریای حیزب سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیان لە شاری سلێمانی کردو لە لایەن هەیئەتێکی ئەم حیزبەوە پێکهاتبوو لە بەڕێزان دکتور کەماڵ فوئاد کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، مەلا بەختیار وتەبێژی مەکتەبی سیاسی، بێهروز گەلاڵی بەرپرسی پێوەندییەکانی یەکیەتی نیشتمانی لە تورکیە، مامۆستا عەلی و مەحموود حاجی ساڵح، ئەندامانی پێوەندییە نیشتمانییەکان پێشوازییان لێ کرا.

لەم دانیشتنەدا کە زیاتر لە ٣ کاتژمێری خایاند هەردوولا پێداگر بوون لەسەر بەردەوام بوونی پێوەندییەکانیان و بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر بارودۆخی ڕۆژ و بەتایبەت مەسەلەکانی پێوەندیدار بە کوردستان و ناوچە.

# ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز گوشار دەخاتە سەر بنەماڵەی زیندانیان

ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز لە ئاگادار کردنەوەیەك دا بەو کەسانەی کە بوونەتە زامنی ئازاد بوونی هێندێك لە زیندانیان و وەسیقەیان داناوە، ڕاگەیاندوە کە دەبێ یان پوڵی وەسیقەکەیان بدەن یان ئەوەیکە زیندانیی ئازاد کراو بگەڕێننەوە بۆ بەندیخانە.



بە پێی سەرچاوەی هەواڵی "کوردستان" ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز زۆرێك لەو کەسانەی کە لە بری ئازاد بوونی هێندێك لە زیندانیان کە دوای ئازاد بوونیان وڵاتیان بەجێ هێشتووە، وەسیقەیان داناوە، بانگ کردوە و پێی ڕاگەیاندون کە دەبێ لە ماوەی ٢٠ ڕۆژ دا، یان پوڵی وەسیقەکەیان بدەن یان ئەوەیکە بەندیی ئازاد کراو بگەڕێتەوە بۆ بەندیخانە.

# داوا لە زیندانیانی بەندیخانەی مەریوان دەکرێ ببنە پاسدار

بە مەبەستی ڕاکێشانی زیندانیانی بەندیخانەی شاری مەریوان بۆ کاری سیخوڕی و نێو نووسینیان لە ئۆرگانەکانی سەر بە سپای پاسداران و پێ ئەسپاردنی کردەوەی دژی گەلی، چەند بەکرێگیراوێکی ڕێژیم ماوەیەك لەمەو پێش سەردانی بەندیخانەی ئەم شارەیان کردوە.

چەند ڕۆژ لەمەو پێش بەرپرسێکی هێزە جاش و بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم لە شاری مەریوان بە ناوی هیوا سەردانی بەندیخانەی ئەم شارەی کردوە و داوای لەو زیندانیانەی کە حوکمی زۆریان بۆ بڕاوەتەوە کردوە کە ئەگەر ببنە پاسدار و هاوکاریی ڕێژیم بکەن، حوکمەکەیان بۆ سووك دەکرێ.

بە پێی هەواڵ جیا لە کەسێك بە ناوی عەتا.د کە پێشتر بە هۆی کاری نەشیاوەوە ڕەوانەی بەندیخانە کرا بوو، کەس وەڵامی ئەم داوایەی بە کرێگیراوەکانی ڕێژیم نەداوەتەوە.

دوای ئەوەیکە عەتا.د وەڵامی ئەم داوایە دەداتەوە، ناوبراو ئازاد دەکرێ و تا ئێستا چەندین کردەوەی نەشیاوی بەڕێوە بردوون کە یەك لەوانە سووکایەتی کردن بە منداڵێکی تەمەن ١٣ ساڵەیە.

شایانی باسە ئێوارەی ڕۆژی ٢٠ی ڕەزبەر عەتا.د بە فێڵ منداڵێکی تەمەن ١٣ ساڵە لە گەڕەکی مەردوخی شاری مەریوان دەباتە ماڵەکەی خۆی و سووکایەتی پێ دەکا. دوای ئەوەیکە خەڵکی گەڕەك پێی دەزانن و بەردبارانی دەکەن، ناوبراو وێڕای تەقە کردن چەند کەسێك لە دەستوو پێوەندەکانی ڕێژیم ئاگادار دەکاتەوە کە گوایا پێشمەرگە هاتوونە سەری، بەم جۆرە بڵاوە بە خەڵکی گەڕەك دەکەن.



# دوو ڕۆژنامەنووسی کورد لە ژێر فشار دان



دوو ڕۆژنامەنووسی کورد بە ناوەکانی حەسەن سەرداری و خالید ئەحمەدیان لە ژێر فشار دان.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە دەست "کوردستان " کەوتووە، ئەو دوو ڕۆژنامە نووسە کە لە ١٦ی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوو لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەسبەسەر و ڕەوانەی بەندی ١٢ی بەندیخانەی ورمێ کرابوون، پاش هەوڵی بێوچانی بنەماڵەکانیان بڕیار درا کە بە بارمتەی قورسی ١٥٠ میلیۆن تمەنی ئازاد بکرێن.

بنەماڵەی ئەحمەدیان پاش هەوڵێکی زۆر توانیان بڕی بارمتەی دیاری کراو دابین بکەن و کوڕەکەیان ئازاد بکەن. بەڵام بنەماڵەی حەسەن سەرداری تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەو بڕە بارمەتییە دابین بکەن.

سەرداری دواتر بە هەوڵی یەکێك لە دۆستانی و پاش دابین کردنی بارمتەکە ئازاد دەکرێ. ناوبراو دوای ئازاد بوونی پەنا دەباتە بەر ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ تاوەکوو فشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت لکی ٢ی دادسەرای نیزامی سوپای پاسداران کە لەو بارمتەیە خۆش بن بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکی پێ نەدراوەتەوە.

بەڕێز دوکتور گوڵمراد مورادی نووسەر و لێکۆڵەری کورد کە ئەم هەواڵەی بە "کوردستان" ڕاگەیاندووە داوا لە هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی جیهان دەکا بە هانای ئەو ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەرەی کوردەوە بچن کە بە بێ تاوان ٨ مانگ لە بەندیخانەدا ڕاگیراوە. هەروەها بەڕێز مورادی داوا لە ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ دەکا فشار بخەنە سەر ئێران تاوەکوو هۆکارەکانی دەسبەسەر کرانی ئەو ڕۆژنامەنووسە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکات.

شایانی باسە حەسەن سەرداری ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەری کوردو دانیشتووی شاری کرماشانە و خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوەیە لە بواری ئایین دا. هەروەها خالید ئەحمەدیان چەندین وتار و بابەتی لە ڕۆژنامەکانی سیروان، ڕۆژهەڵات، پەیامی کوردستان و ڕۆژنامە فارسی زمانەکانی ئێران دا بڵاو کردۆتەوە.

بەیاننامە

# با پاداشی ڕۆڵە مانگرتووە خۆڕاگرەکانمان بە برەودان بە تەبایی، یەکیەتی و هاوکاری بدەینەوە

**(بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٦ حەوتوو بە سەر مانگرتنی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستاندا)**

**(بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٦ حەوتوو بە سەر مانگرتنی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستاندا)**

٦حەوتوو بە سەر مانگرتنی بەندییە سیاسی و مەدەنییە کوردەکان لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا رابرد. ٦ حەوتوویە دەیان بەندیی کورد مانیان لە خواردن گرتوە و، بە چێشتنی برسیەتی و تینوێتی و تەحەممولکردنی سەربەرزانەی فشار و ئازار و ئەشکەنجەی بەردەوامی بەندییەوان و ئەشکەنجەگەرانیان، ئیرادەی پتەو و ورەی بەرزی خۆیان بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نیشان داوەتەوە. ئەو داوایانەی ئەوان لە پێناوی جێبەجێبوونیاندا مانیان لە خواردن گرتوە، داوایەکی رەوا و ئینسانین. ئەوان داوایان کردوە رێژیمی ئێران رەفتارێکی مرۆیی لەگەڵ بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی سەرانسەری ئێراندا هەبێ، کۆتایی بە ئازارو ئەشکەنجەی بەندییەکان بێنێ، چاو بە سزای لە سێدارەدانی زیندانییە سیاسی و مەدەنییەکاندا بخشێنێتەوە، دەست لە هەڵاواردنی ئایینی، نەتەوەیی، رەگەزی و دوورخستنەوەی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکان هەڵ بگرێ و، بەندیخانەکانی ئێران بکەونە ژێر چاوەدێریی رێکخراوە نێوخۆیی و جیهانییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ. رەواو بەحەقبوونی داواکانی ئەوان و شێلگیری و خۆڕاگرییان لە مانگرتندا و سەر دانەنواندنیان بۆ ویستی دەسەڵاتی ستەمکار و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی، شەپۆلێکی گەورە لە هاوپێوەندی و پشتیوانی لەگەڵ ئەوانی لە نێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و کۆڕو کۆمەڵ و رێکخراوە مرۆڤدۆستەکاندا، وەڕێ خستوە.

بەندییە مانگرتووەکان رایان گەیاندبوو ئەگەر مردنیشیانی لێ بکەوێتەوە، هەتا داواکانیان لەلایەن رێژیمی ئێرانەوە قبوول نەکرێ واز لە مانگرتن ناهێنن. شتێك کە هەر لە رۆژی هەوەڵەوە چاوەڕوان دەکرا سوور بوونی ئەوان لە سەر بەڵێنەکانیان بوو. هەموو ئەو کەس و لایەنانەی رابردووی زۆربەی ئەو مانگرتووانە و خەباتی شێلگیرانەیان لە پێناوی ئازادی و مافەکانی مرۆڤدا دەناسن، دڵنیا بوون کە ئەوان ئامادەن گیانیشیان لە پێناوی ئامانج و بایەخە بەرزەکاندا بەخت بکەن. هەر ئەوەش کە زۆر لەوان لە هەلومەرجێکی جیسمیی زۆر خراپ دان و سلامەتی و ژیان و گیانیان کەوتۆتە مەترسی، راستگۆیی و بەرزیی ورەو ئیرادەو باوەڕی ئەوان دەگەیەنێ. بەڵام هەر لە رۆژی یەکەمەوە ئێمەو هەموو ئەوانەی رابردوو و ماهییەتی کۆماری ئیسلامیمان بە باشی ناسیوە، بێگومان بووین کە ئەو رێژیمە زۆر لەوە نامەسئوولترە کە داوای رەواو ئینسانی مانگرتووەکان ببیسێ و، بایەخ بە سلامەتیی جیسمی و گیانیی ئەوان بدا. کۆماری ئیسلامی تەنانەت ئامادە نەبووە رێز بۆ ئەو پشتیوانی و هاوپێوەندییە دابنێ کە لە نێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئێرانییەکان و کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی دنیادا، لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتووەکاندا پێك هاتوە. ئەگەر ئەو رێژیمە، گرنگی بە لە دەستچوونی ئابڕوو و ئیعتیباری خۆی لە ئاستی نێوخۆیی و جیهانی دابا، داواکانی مانگرتووانی کە ئێستا بوون بە داوای هەزاران کەس لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات، قبووڵ دەکرد. بەو حاڵەش، ئەوەی لەم بەربەرەکانێیەدا سەرکەوتوە، مانگرتووەکانن. چونکە توانیویانە سەرەڕای هەموو زەبرو زەنگێك و فشارو هەڕەشەو توندوتیژییەك، حەرەکەتی ئازایانەو حەقخوازانەی خۆیان ببەنە نێو زیندان و زیندانییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و زۆر لە شارەکانی ئێران و، دەیان بەندیی سیاسی و مەدەنیی دیکەیان لەگەڵ خۆیاندا کردوە بە هاودەنگو هاوهەڵوێست. بە هەزاران کەس لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، بوون بە هاودەنگ و پشتیوانی بنەماڵە سەربەرزەکانیان. ئەوان بەم خۆڕاگرییەیان سەرنجی رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و بیروڕای گشتیی دنیایان بۆ لای بارودۆخی دڵتەزێنی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکان لە زیندانەکانی ئێراندا راکێشاوەو، پێویستیی ئاوڕدانەوەی دنیا لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێرانیاندا، زەق کردۆتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە رۆژی هەوەڵی راگەیاندنی ئەم مانگرتنە پشتیوانی لە داواکانی مانگرتووان و، تێکۆشان بە مەبەستی گەیاندنی هاواری حەقخوازانەیان بە بیروڕای گشتی و دەوڵەتان و کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی بە ئەرکی خۆی زانیوەو، لە داهاتووشدا لەم بارەیەوە درێغی ناکا. ئێستاش کە ٦ حەوتوو بە سەر دەست پێکردنی ئەم حەرەکەتە مەدەنییەدا رادەبڕێ‌و لە ئاکامی برسیەتیی بەردەوام و دیتنی فشار و ئازاری زۆر، گیانی بەشێکی بەرچاو لە مانگرتووان لە مەترسی دایە، رادەگەیەنین کە هەم سلامەتی و زیندوومانەوەی بەندییە سیاسییە مانگرتووەکان ، بۆ درێژەی خەبات دژی ستەم و دیکتاتوری پێویستە. هەم خەبات تا ملدانی کۆماری ئیسلامی بۆ داوا رەواکانی ئەم حەرەکەتە دەبێ لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا درێژەی هەبێ. ئێمە بە نۆرەی خۆمان شانازی بەم خەباتە مەدەنییەو بەو خۆڕاگرییە پڕشکۆیە دەکەین و جارێکی دیکە سوپاسی بێ‌پایانمان بە هەموو حیزب و رێکخراوو کۆمەڵە و کەسایەتییە ئازادیخوازو مرۆڤدۆستەکان کە پشتیوانییان لە داواکانی مانگرتووان کردوە، رادەگەیەنینەوە. ئێمە بەندییە سیاسی و مەدەنییە مانگرتووەکان بە سەرمایەی مەعنەویی خەباتی نەتەوەیی و خەبات بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ دەزانین و بە جیددی نیگەرانی سلامەتیی ئەوانین. هەر لەم روانگەیەوە، داوای راگرتنی مانگرتن کە لە لایەن کومیتەی مافی مرۆڤی کوردستان و کۆمەڵێك کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگیی هاتۆتە گۆڕ، بە داوایەکی دڵسۆزانە دەزانین. هەر لەو کاتەدا پێمان وایە دەستکەوتەکان و ئەزموونەکانی ئەم خەباتە مەدەنییە کەم وێنەیە دەبێ بپارێزین و لە تێکۆشانی داهاتوو لە پێناوی بەرەوپێشبردنی داواکانی مانگرتنەکەدا، پێویستە کەلکیان لێ وەربگیرێ.

هەر لەم پێوەندییەدا داوا لە هەموو حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و کومیتەکانی پشتیوانی لە مانگرتنی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکان لە کوردستان دەکەین با هەوڵەکانمان بخەینە سەر یەك و دەنگمان بکەین بە یەك بۆ ئەوەی لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەی وڵاتدا، بە هێزی زیاترو بە شێوەیەکی کاریگەرتر کار بۆ بردنە پێش و سەرخستنی داوا رەواکانی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان بکەین.

با بە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە پێوەندیی نێوان حیزب و رێکخراوو کۆمەڵە سیاسی و مەدەنی و ئازادیخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا و برەودان بە یەکیەتی و تەبایی و هاوکاری، پاداشی رۆڵە خۆڕاگرەکانمان لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بدەینەوەو رۆحی ئازاردراو و جەستەی کزیان بگەشێنینەوە.

بە هیوای کاری هاوبەش و یەکگرتووانەی خەمخۆران و پشتیوانانی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا.

سڵاو لە خۆڕاگریی سەربەرزانەی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان و سەرانسەری ئێران

بەردەوامی بۆ خەبات و تێکۆشانی هەمولایەنە تا ئازادبوونی هەموو بەندییە سیاسی و مەدەنییەکان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا

سەرکەوتن بۆ خەباتی ئازادیخوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران

نەمان بۆ رێژیمی دیکتاتۆرو دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامی

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٥ی رەزبەری ١٣٨٧ی هەتاوی**
**٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٨**

# بێدەنگیی بیروڕای گشتی لە ئاست پەرەگرتنی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا

مستەفا مەعرووفی



لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردوو و کەمتر لە مانگێگ دا شاهیدی پەرەگرتنی زیاتری توندوتیژیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی کاسبکارانی ناوچە سنووری‌یەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بووین. لەو ماوەیەدا ٢٥ کەس بە گوللەی مەئمورانی نیزامیی کۆماری ئیسلامی کوژران وبریندداربوون ئەم ژمارەیە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە کوژران و برینداربوونیان زانراوە، ئەگینا رەنگە ئامارەکە لەوەش زیاتربێ.

راستی‌یەکی تاڵ و لە رووی زەمانی‌یەوە لە مێژینەیە کە خەڵکی کوردستان لەگەڵی بەرەوڕوویە و بەداخەوە هەموو رۆژێ دووپات دەبێتەوە کە هێزی نیزامیی دەوڵەتی ناوەندی لە جیاتی پاراستنی سنوورەکان و بەرقەرارکردنی ئەمنییەت و ئاسایش، بۆخۆیان دەبنە هۆی هەڕەشەو، ئاسایش لە خەڵکی ناوچەکان هەڵ دەگرن.

رۆژ نیە خوێنی کوڕە کوردێك و کاسبکارێك بە ناهەق بە دەستی هێزەکانی رژیمەوە نەڕژێ. ئاماری کوژراوو بریندارانی ناوچە کوردنیشیەکان کەڕۆژانە لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تەقەیان لێ دەکرێ لە ئاماری کوژراوو بریندداری زۆر ناوچەی دنیا کە بە ناوچەی شەڕلێدراو دەژمێردرێ زیاترە. لە شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینی‌یەکان دا کە سەردێری هەواڵی راگەیەنە گشتی‌یەکانی جیهانە زیانی ئینسانی بەو رادەیە نیە.

بەشی زۆری ئەو کەسانەی رۆژانە بە دەستی هێزە نیزامی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی دەکوژرێن یان بریندار دەبن لەو چینە هەژارو کاسبکارە زەحمەتکێشانەن کە بوونەتە قوربانیی سیاسەتی فەرق و جیاوازی‌دانانی سیاسی و ئابووریی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە دژی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان.

رۆژهەڵاتی کوردستان بۆخۆی بەشێکە لە وڵاتێك کە بە هۆی سیاسەتی غەڵەتی رێژیمەوە لە قەیرانێکی قووڵی ئابووری دا دەژی. جگە لەوەش کوردستان لە باری ئابوورییەوە زۆر دواکەوتووتر راگیراوە. رێژیم وای کردوە کە ئیمکاناتی ئابووری زیاتر لە ناوەند دا کۆبێتەوەو تا لە ناوەندەوە بەرەو سنوورەکان دەڕوا ئەو ئیمکاناتە کەمڕەنگ دەبێتەوە، بە تایبەتی لە کوردستان دا کە هەم لە رووی نەتەوەیی و هەم لە رووی ئایینی‌یەوە لەگەڵ ئایین و نەتەوەی دەسەڵاتداران جیاوازە. هەربۆیە رادەی هەژاری و کەمداهاتی لە کوردستان دا زۆر زیاترە.

کۆماری ئیسلامی نەك هەر رێگە چارەیەك بۆ ئەم قەیرانە ناگرێتە پێش، بەڵکوو کەڵکی سیاسیی لێ وەردەگرێ‌و هەوڵ دەدا بە دانی هێندێك ئیمتیازی ئابووری و پووڵ و پارە کەسانێکی موحتاج بۆ لای خۆی راکێشێ و لە دژی خەڵکی ناوچەی خۆیان کاریان پێ بکا. بەڵام کەسانێك هەن بۆ دابین کردنی بژیوی ماڵ و منداڵ و بنەماڵەکانیان ناچارن رێگایەك بگرنە بەر کە زۆر پڕمەترسی‌یە لە کۆڵبەری و هێنان و بردنی شتومەك لە سنووری دەستکردی نێوان رۆژهەڵات و باشووری کوردستان دا.

لەو هەلومەرجەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی رق و کینی خۆیان بەو کاسبکارە هەژارو بێ‌دەرەتانانە دەڕێژن و بەو پەڕی بێ روحمی‌یەوە دەیان دەنە بەر دەسڕێژو گیانیان لێ دەستێنن. لە حاڵێك دا ئەم کەسانە تەنیا کارێکی ئابووری دەکەن، نە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی وڵات و نە هێزی بێگانەن. بە پێی هیچ یاساو دەستوورێك تەقەلێ کردن و کوشتنی ئەو کەسانە رەوا نیە و ئەمە تەنیا شێوەیەکە لە شێوەکانی لە نێوبردنی نەتەوەی کورد.

ئەم جینایەتانەی لە ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان روو دەدەن بە داخەوە دەنگیان لێ نایەو لە بەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهان ونن. رۆڵەکانی نەتەوەیەك لە بێدەنگی و سانسۆردا خەریکە قەڵت و بڕدەکرێن بەڵام بەڕادەی زۆر رووداوی لەمانە بچووکتر لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان دەنگدانەوەی نیە. تەنانەت بیروڕای غەیرە کوردی نێوخۆی وڵاتیش ئاوڕ لەو مەسەلەیە ناداتەوە. ئەوەندی خۆی بە رووداوی رۆژانەی تاران و چەند شاری گەورەی دیکەی ئێرانەوە خەریکە، گوێ بەو جینایەنانە نادا کە رێژیم لە کوردستان لە پەنا خۆی‌و لە بەر چاوی خۆی دەیان خولقێنێ.

ئەگەر بڕوانینە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان، جگە لە کوشتاری خەڵکی ناوچە سنووری‌یەکان، کارەساتەکە لەوەش گەورەترو تاڵترە. بێ تەفاوەتیی بیروڕای گشتیی نێوخۆو دەرەوە لە بەرانبەر ئەو جینایەتانە لە کوردستان دا دەرەتانی هاوارو بەرزبوونەوەی دەنگی دادخوازانەی لە کورد بڕیوە.

لە رۆژگارێکی ئاوا شووم و سەخت دا لە سەر هێزە کوردی‌یەکانە کە ئەو بێدەنگی‌یە بشکێنن و سەرنجی دنیا بۆ کارەساتێکی ئینسانی کە لە بەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهان شاراوەیە رابکێشن. ئەرکی سەرشانی هێزە کوردی‌یەکان و راگەیەنە گشتی‌یەکانیانە کە گرنگی بەو مەسەلانە بدەن. پێویستە لە قاودانی ئەم جینایەتانە و ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی، بەشێکی بەرچاو لە دیپلۆماسیی هێزە کوردی‌یەکان بێ.

لە هەلومەرجێکی ئاوا تاڵ و ناخۆش دا لە سەر هێزە کوردستانی‌یەکانە کە یەکگرتوو و یەك دەنگ هاواری لە گەروودا خنکێندراوی رۆڵەکانی نەتەوەکەیان بە گوێی دنیا بگەیەنن تا کۆماری ئیسلامی ئاوا بە ئاسانی و بە دوور لە رەخنەی خەڵکی جیهان درێژە بەو جینایەتانەی نەدا.

# پیرۆز بێ سەرکەوتنی ئیرادەی پتەوتان

سەرنجام یەکەمین و گەورەترین مانگرتنی بەربڵاوی بەندییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دوای ٤٥ رۆژ بە دەرکردنی بەیاننامەیەك کۆتایی پێ هات. مانگرتنێکی مێژوویی و کەم وێنە لە مێژووی سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی چ لە ئاستی سەرانسەری چ لە ئاستی کوردستان دا کە لانیکەم ١٠٠ بەندیی سیاسیی کورد لە بەندیخانە جۆراوجۆرەکانی وەك ورمێ، تاران، سنە، سەقز، مهاباد، مەریوان و ماکۆ تێیدا بەشدار بوون. ئەگەر چی ئەو مانگرتنە هیچ وڵامێکی لە لایەن دەسەڵاتبەدەستانی کۆنەپەرستی تارانەوە بەدواوە نەبوو، دەکرێ بڵێین سەرکەوتووانە کۆتایی پێ هات. گرنگیی ئەم مانگرتنە لەوە دابوو کە مانگرتووان لەگەڵ ئەوەی لە بەندیخانەی جۆراوجۆردا بوون و لە باری هەواڵییەوە لە ژێر سانسۆردا بوون و چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکانیان لێ قەدەغە کرابوو بۆ ژووری تاکە کەسی راگوێزرابوون و هەروەها لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە و سووکایەتیدا بوون، سەرەرای نەبوونی باگراوندێکی لەبار بۆ مانگرتن لە چاڵەرەشەکانی رێژیم دا بەڵام بە دڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین ئەم مانگرتنە دەتوانێ شوێنێکی تایبەت و کاریگەری لە سەر ئەزموونی خەباتی ئاشتیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و



توانیان ئیرادەی خۆیان بسەلمێنن و ئەم ئەزموونە مێژووییە تۆمار بکەن. دیارە دەسەڵاتبەدەستان جگە لە درێژەی هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە لەگەڵ ئەم قارەمانانەی نێو بەندیخانەکان هیچ وڵامێکیان بە داخوازییەکانی ئەوان نەداوەتەوە، تەنانەت ئێرانیش هەبێ، ئەم وانە گرنگەی لێ وەرگیرێ کە دەسەڵاتە کۆنەپەرست و سەرەرۆیەکان هەر چەند توانای سەرکوتیان زۆرتربێ و ژمارەیەکی زۆرتریش لە کۆمەڵانی ناڕازیی وڵاتیان لە گرتووخانەکانیان پەستاوتبێ و رۆژانە گیانی لاوان و ئازادیخوازانی وڵات بستێنن، بەو حاڵەش ناتوانن لە ئاست چەکی بڕواو ئیرادەی ئازادیخوازان دا خۆڕاگرن. لەم نێوەدا شتێك کە دەبێتە هۆی پاشەکشەی زیاتری کۆنەپەرستی و سەرەڕۆیی بریتییە لە بەردەوامیدان بە خەبات لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆرداو بە تایبەت ناڕەزایەتیی جەماوەری لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی دامودەزگای دەسەڵات و لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجە نەتەوەیی و مرۆییەکان دا. بۆیە ئەمڕۆ ئازادیخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکێکی گرنگتریان کەوتۆتە سەر شان کە ئەویش درێژەدان و پتەوکردنی خەباتە لە دژی سیاسەتی ستەم و چەوسانەوەی سیاسی، مەزهەبی، ئابووری، رەگەزیی رێژیم لە کوردستان دا. ئەمەش هەر وەك لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٦ حەوتوو بە سەر ئەو مانگرتنەدا هاتبوو، بە گەورەترین پاداش بۆ ئەو رۆڵە ئازادیخوازانەی وڵاتەکەمان دەژمێردرێ کە ٤٥ رۆژ لە بەرانبەر ئازاری جەستەیی و ئەشکەنجەی جۆراوجۆردا خۆیان راگرتوە بۆ ئەوەی پۆلووی خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستان بگەشێننەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی سەرکەوتنی ئەم مانگرتنە مێژووییە لە بەندییە مانگرتووەکان و هەموو خەڵکی ئازادیخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە لە سەر هاوخەباتیی خۆی لەگەڵ هەموو ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان پێ‌داگرێتەوەو وێڕای پشتیوانی لە تەواوی داخوازییە رەواکانی مانگرتووان داوا لە هەموو حیزب و رێکخراوو کەسایەتییە خەباتکارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکا:

یەکەم: با بە یەکگرتوویی و هاوئاهەنگیی زیاترەوە بەرەوڕووی دەسەڵاتبەدەستانی تاران ببینەوەو رێگە نەدەین ئەو خەونەی کۆنەپەرستی واتە کوژانەوەی پشکۆی بەربەرەکانێ بێتە دی.

دووهەم: با لە ژوورەوەو دەرەوەی وڵات روو بکەینە کاری هاوبەش، پێویستە بەیەکەوە حەرەکەتی ئیعتڕازی و مەدەنیی بەربڵاو وەڕێ بخەین. دەبێ بە هەموو شێوەیەك و لە هەر رێگایەکەوە بۆمان دەکرێ کۆڕو کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و دامودەزگا نێونەتەوەییەکان لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئاگادار بکەینەوەو داوایان لێ بکەین گوشار بخەنە سەر رێژیمی تاران بۆ ئەوەی هەرچی زووتر بەندییە سیاسییەکان ئازاد بکا.

سڵاو لە ئیرادەی پتەوی بەندییە مانگرتووەکان.

سەرکەوێ خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**کۆمیسیونی راگەیاندن**


**٢٠ی رەزبەری ١٣٨٧**

## قادرخان سوڵتان پەنا

# پاش نیو سەدە خەبات و تێکۆشان، کۆچی دوایی کرد

رۆژی سێشەممە ٢٣ی رەزبەری ١٣٨٧ (١٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٨) تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات، قادر خان سوڵتانپەنا، دوای نیو سەدە تێکۆشان لە پێناوی ئازادی نەتەوەکەیدا، دڵی لە لێدان وەستا و، چووە ریزی نەمرانی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کوردەوە.

قادر خان، کوڕی ئاغا ساڵە لە بنەماڵەی بەناوبانگی سوڵتانپەنا و، خەڵکی ئاوایی تاڵەجاڕی سەقز بوو. قادر خان لە دەیەی ٣٠ هەتاوییەوە تێکەڵ بە تێکوشانی سیاسی لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بوو. بوو بە ئەندامێکی چالاکی رێکخراوی نهێنیی حیزب و، ماڵەکەی بووە مەکۆ و رووگەی تێکۆشەران و ئۆگرانی حیزبی دێموکرات. سەرئەنجام ساواك (دەزگای جاسووسی و ئەمنییەتی رێژیمی پاشایەتی)، قادر خانی بە تاوانی تێکۆشانی سیاسی لە دژی رێژیمی دیکتاتۆری پەهلەوی و خەبات بۆ ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، قۆڵبەست و رەوانەی بەندیخانە کرد. قادر خان سوڵتانپەنا، وێڕای ئەنوەر خانی برای و کۆمەڵێکی دیکە لە تێکۆشەران و خەبات گێڕانی ئەو سەردەمە لە بەندیخانەکانی رێژیمی شایەتی دا، تووشی ئەشکەنجە و ئازار و بێحورمەتی بوون، بەڵام پشتیان لە رێبازی خەبات نەکرد. قادرخان پتر لە گیراوانی سیاسیی هاوسەردەمی خۆی لە بەندیخانەدا مایەوە. کاتێکیش لە بەندیخانە هاتەدەر، بە هۆی وەفادار مانەوەی بە ئامانجەکانی نەتەوەکەی و سوور بوون لە سەر رێبازی دێموکرات، هەروا خۆشەویست و جێگای متمانەی کۆمەڵانی خەڵك مایەوە.



قادر خان لە گەرمەی راپەرینی گەلانی ئێران دژی رێژیمی پاشایەتی، رۆڵی رێنوێنی و هاندان و رێکخستنی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی گرتە ئەستۆ. لەگەڵ رووخانی رێژیمی حەمە رەزا شای پەهلەوی، قادر خان چەکی پێشمەرگایەتی کردەشان و، لە رێکخراوەکانی حیزب لەم ناوچەیەدا، شانی دایە ژێر ئەرك و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆر، بۆ ماوەیەك فەرماندەیی هێزی عەزیزی یووسفی و بەرپرسایەتیی کومیتەی شارستانی سەقزی لە ئەستۆ گرت. لە جێبەجێکردنی ئەرکی سیاسی، تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر درێغی نەکرد. دواتر بە هۆی چوونە سەری تەمەن، لە بنکەی دەفتەری سیاسی، لە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی حیزب کاری پێ‌سپێردرا.

قادر خان، کەسایەتییەکی بەڕێز، مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ و کادرێکی دڵسۆز بوو. لە سۆنگەی وەفاداری بە رێبازی دێموکرات و ئامانجە بەرزەکانی گەلەکەی، ٣ ساڵ کەوتە زیندان و نزیك بە ٣ دەیە لە تەمەنیشی لە سەنگەر و بنکەکانی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان و، دوور لە زێد و شار و بنەماڵە و هاوسەر و جگەرگۆشەکانی تێپەر کرد.

ساڵی رابردوو، خێڵان خانم یاری وەفادار و هاوسەرە میهرەبان و رووسوورەکەی قادر خان، کە لە درێژایی نیو سەدە خەبات و تێکۆشان دا، پشت و پەنای مێردە تێکۆشەرەکەی بوو، کۆچی دوایی کرد. ئەوا ئەمساڵیش، قادر خان خۆشەویستی هەموو رۆڵەکانی دێموکرات، بە یەکجاری بە جێی هێشتین.

کۆمیسیۆنی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی قادر خان سوڵتانپەنا، لە بنەماڵە بەرێزەکەی و سەرجەم سوڵتانپەناکانی ژوورەوە و دەرەوەی کوردستان، سەرەخۆشی دەکا و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێ. هاوخەباتان و دۆستانی لە مێژینە و، ئۆگران و ناسیاوانی قادر خان لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بە رێزەوە یادی ئەم کەسایەتییە خەباتکار و لەخۆبردووە دەکەنەوە، دەرسی خەبات هەتا دوا هەناسەی ژیان لە پێناوی ئازادیی کورد وکوردستانی لێ فێر دەبن.

کۆمیسیۆنی راگەیاندنی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
٢٤ی رەزبەری ١٣٨٧

رامبود لوتفپووری:

# ئەم مانگرتنە بەشێك لە پرۆژەی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد بوو

دیمانە: مادێح ئەحمەدی

**ئاماژە: هەر وەك دەزانن مانگرتنی بەندییە سیاسیو مەدەنییەکانی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران پاش ٤٥ رۆژ، رۆژی پێنج شەممە کۆتایی پێ هات. لەو ماوەیەدا لە زۆر لایەنەوە لە کەناڵی میدیا جۆربەجۆرەکانەوە تیشك خراوەتە سەر ئەم بابەتە و لێك دراوەتەوە.**

**"کوردستان" لەم ژمارەیەدا بە پێویستی زانی خوێندنەوەیەکی تا رادەیەك قووڵ بۆ ئەم بابەتە بکات و لایەنە هزرییەکانی زیاتر رەچاو بکات و لێك بداتەوە.**

**لەم پێوەندییەدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی "رامبود لوتفپووری" ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو دیمانەیە.**

**کوردستان:** هەر وەك دەزانن لە مێژووی سیاسیی بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستا مانگرتنێکی بەربڵاو لە نێوان بەندییە سیاسی و مەدەنییەکاندا (لە رابردوو) نەبووە و دەکرێ مانگرتنی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد لەم دواییانەدا کە پاش ٤٥ رۆژ کۆتایی پێهات وەك حەرەکەتێکی بێ وێنە چاوی لێ بکەین.

**بە رای ئێوە بنەما فکرییەکانی سەرهەڵدانی ئەو حەرەکەتە لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ چی؟**

**رامبود لوتفپووری:** ئەوەی راستی بێت کەشوهەوای سیاسی زاڵ بە سەر ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی کەشوهەوایەکی داخراو و نائازاد بووە و هەیە، سیستمی حکومەتی ئەم وڵاتە بە درێژایی مێژوو سیستمگەلێکی نادێموکراتیك و سەرەڕۆ بوونە، بۆیە هەر چەشنە جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازانە و مافخوازانەیان لە رێگای توندوتیژییەوە وڵام داوەتەوە و سەرکوت کردووە. بە دیوێکی دیکەدا دەتوانین بێژین کۆمەڵگای مەدەنی بە هەموو تایبەتمەندییەکانەوە، وەك بوونی ئازادیی رادەربڕین، دێموکراسی، ئازادی تاکەکەسی و.... بوونی نەبووە. بەم پێیەش هەموو بزاوتە ئازادیخوازانەکانیش رواڵەتێکی توندوتیژیان پێوە دیار بووە. بێگومان ئەمەش وڵام و دژکردەوەی لۆژیکیی جووڵانەوە مافخوازەکانی ئەم وڵاتە بووە لە هەمبەر لۆژیکی سەرکوت و چەوساندنەوەی دەسەڵاتدا. کەوابوو وەك چۆن لە ئاکامی نەبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دێموکراتیکدا دەسەڵات بۆ نەهێشتنی نارەزایەتی پەنا بۆ مکانیزمی سەرکوت و توندوتیژی دەبات، جووڵانەوە ئازادیخوازانەکانیش زۆرتر پەنایان بۆ میکانیزمێکی لەو چەشنە بردووە، چونکە لەم کۆمەڵگایەدا ئازادیی رادەربڕین، نافەرمانی مەدەنی و مکانیزمی لەو چەشنە هیچ جێگا و پێناسەیەکیان نەبووە. هەندێك جار خەڵك بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ چەوساندنەوە و ستەمی دەسەڵات و دابین کردنی ئازادی و گەڕاندنەوەی مافە زەوت کراوەکانیان پەنایان بۆ مکانیزمی دێموکراتیك و مەدەنی بردووە کە ئەمەش بۆ خۆی تا رادەیەك لە ژێر کاریگەری مۆدێل و نمونەکانی وڵاتەکانی دیکەدا بووە، بەڵام بە دەگمەن رووی داوە کە ئەم جووڵانەوانە بە ئاکامی جێبەجێ بوونی خواستەکانیان گەیشتبن.

یەکێك لە دوایین نمونەکانی ئەم چەشنە جووڵانەوەگەلە مانگرتنی بەندکراوانی کورد لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بووە. ئەگەر بمهەوێ بە کورتی هۆکار و ژێرخانە فکرییەکانی ئەم بزاوتە دەستنیشان بکەم دەبێ بێژم، یەکەمیان بە مۆدێل وەرگرتنی خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژی جیهانی پێشکەوتووە، واتە جیهانی پێشکەوتوو و دێموکراتیکی ئەورۆ بە تایبەت ئەورووپا و ئەمریکا زۆرتر دان بە شێوە خەباتی ناتوندوتیژدا دەنێن و پاڵپشتی لێوە دەکەن. بە داخەوە بیروڕای گشتیی دونیای ئەورۆ هەموو کۆمەڵگاکان و بارودوخیان بە پێوەری کۆمەڵگاکانی خۆیان هەڵ دەسەنگێنن و خوێندنەوەیەکی رریێئالییان لە کۆمەڵگا داخراوەکانی جیهانی سێهەم نییە، بۆیە زیاتر رەوایی و بایەخ بەو شێوە خەباتە ناتوندوتیژانە دەدەن. دووهەم: پاش جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوی و هاتنە سەرکاری باڵی رێفۆرمخوازی کۆماری ئیسلامی تا رادەیەکی کەمیش بووبێت هەندێك لە دەرکەکان کرانەوە و کۆمەڵێك دەرەتانی شێوە دێموکراتیك بۆ دەربڕینی نارەزایەتی هاتنە ئاراوە، ئەم قۆناغە بۆ خەڵکی ئێران مەجالێکی کردەوە کە تا رادەیەك بتوانن پرۆڤەی دێموکراسی بکەن. بە دیوێکی دیکەدا خەڵك راهاتن کە داخوازییەکانی خۆیان لە کەناڵی دێموکراتیکەوە بێننە گۆڕێ. هەر چەند بە هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد و هەرەسهێنانی هەمە لایەنەی باڵی رێفورمخواز ئەو دەلاقانەش داخران، بەڵام کارکردن بەو مێتۆدە دێموکراتیکانە لە نێو خەڵکدا تا رادەیەك جێگیر بوون و بوون بە بەشێك لە کولتووری سیاسیی خەڵك بۆیە هەنووکەش سەرەڕای دژ کردەوەی نادێموکراتیك و چەوسێنەرانەی رێژیم هێشتا لەو میکانیزمانە کەڵك وەر دەگرێت.

**کوردستان: ئایا ئەمە دەکرێ وەك "پاد گفتمان"ێك لە هەمبەر ئەو گوتارە توندوتیژاوی و چەوسێنەرانەی کۆماری ئیسلامیدا چاوی لێ بکەین؟**

**رامبود لوتفپووری:** ناکرێ بێژین ئەمە دیسکۆرسی تێکڕای بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردستانە، چونکە هێشتا بەستێنی ئەم شێوە خەباتە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دابین نەبووە. وەك دەبینین ئێستاشی لەگەڵ دابێ سەرەکیترین میکانیزمی خەبات هەمان میکانیزمە توندوتیژەکانی وەك خەباتی چەکدارین، بەڵام ئەم مێتۆدەش وەك بەشێك لە پرۆژەی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد گرنگیی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم جووڵانەوە پیشانیدا کە نەتەوەی کورد سەرەڕای هەموو ستەم و توندوتیژییەك کە بەرامبەری دەکرێ هەنووکەش بڕوای بە خەباتی دێموکراتیك و مەدەنی هەیە و ئەگەر داگیرکەر ناچاری نەکات پەنا بۆ میکانیزمی توندوتیژ نابات. بۆیە بە بڕوای من لەگەڵ ئەوەیکە بە هۆی نەگۆڕانی نێوەرۆکی دڕندانەی داگیرکەرانی کوردستانەوە، دیسکۆرسی جەنگ و میکانیزمی توندوتیژ وەك دژکردەوەیەکی لۆژیکی لە جێگای خۆی ماوەتەوە، بەڵام دەشتوانین بڵێین جووڵانەوەی لە چەشنی ئەم مانگرتنەی دوایی پادگفتمانی خەباتکارانی کوردە لە بەرامبەر گفتمانی شەڕخوازانەو سەر کوتکەرانەی ئەوان، یا با بێژین وڵامێکی دێموکراتیك و شارستانییە بە هەڵوێستێکی دواکەوتوو و نادێموکراتیك.

**کوردستان: باشە ئێمە دەبینین کە پاش ٤٥ رۆژ مانگرتن کۆماری ئیسلامی وڵامی داخوازییەکانی مانگرتووانی نەدایەوەو مانگرتن کۆتایی پێ هات، ئایا ئەمە جۆرێك ناسەرکەوتوویی ئەم بزاوتە ناگەیەنێ؟**

**رامبۆد لوتفپووری:** پێشتریش ئاماژەم پێ کرد کە هەر لە جێدا ئەم شێوە خەباتە بە هۆی نەبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دێموکراتیك لە ئێراندا لە لای رێژیم هیچ پێناسەو مانایەکی نیەو ناتوانین چاوەڕوانی وڵامێکی گونجاو و دێموکراتیکی بۆ بکەین، بۆیە هەر لە سەرەتاوە تا رادەیەکی زۆر چاوەڕوان دەکرا کە رێژیم هیچ ئاوڕێك لەو داخوازییانە نەداتەوە. ئەم شێوە خەباتە بۆیە بە شێوە خەباتی شارستانی و ناتوندوتیژ ناوزەد کراوە کە بە بێ مەرگ و خوێنڕژان بە مەبەستی خۆی بگات، بەڵام خۆ بۆ هەموومان روون و ئاشکرایە کە ئەگەر هەموو ئەو بەندییە مانگرتووانەش گیانیان لە دەست بدابایە دیسان رێژیم هەر ملی بۆ خواستەکانیان رانەدەکێشا، کەوابوو مەبەست و فەلسەفەی ئەم شێوە نارەزایەتی دەربڕینە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا تەنیا دەتوانێت گەیاندنی دەنگی چەوساوەیی و غەدر لێکراوەی نەتەوەی کورد بێت بە دنیای دەرەوە. واتە لە جێدا سەرەکیترین ئامانجی ئەم جووڵانەوەیە تێگەیاندنی بیرو رای گشتیی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان و ئێران لە بارودۆخ و داخوازی نەتەوەی کورد لە ئێران دایە کە پێم وابێ جووڵانەوەو خۆڕاگریی مانگرتووان بەم ئامانجە گەیشت. مادام کە ئێمە دەزانین کۆماری ئیسلامی بە نەمانی مانگرتووانیش بڕیاری خۆی ناگۆڕێ خۆ ناکرێ چاوەڕوانیی خۆ لە نێو بردن لە مانگرتووان بکەین. بۆیە بە بڕوای من ئەم مانگرتنە سەرکەوتووانە بە ئامانجی خۆی گەیشت کە ئەویش تێگەیاندنی بیروڕای گشتی بوو لە داخوازییەکانیان.

**کوردستان: وەك دوایین پرسیار پێت وایە داهاتووی ئەم بزاوتانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو کوێ دەچێ و ئایا دەکرێ بڵێین ئەمە دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە؟**

**رامبود لوتف پووری:** رەنگە بزووتنەوەی کورد لە رابردوودا کەمتر لە میکانیزمی لەم چەشنە کەڵکی وەرگرتبێت، بەڵام ئەوە

**لە جێدا سەرەکیترین ئامانجی ئەم جووڵانەوەیە تێگەیاندنی بیرو ڕای گشتیی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان و ئێران لە بارودۆخ و داخوازی نەتەوەی کورد لە ئێران دایە کە پێم وابێ جووڵانەوەو خۆڕاگری مانگرتووان بەم ئامانجە گەیشت.**

راستییەکە خەباتی نەتەوایەتیی کورد دەبێ لە هەموو بوارەکاندا بەردەوام بێت. خەباتی چەکداری، خەباتی دیپلۆماتیك، کولتووری، جەماوەری و... هاوکات و پێکەوە دەتوانن یەکلاکەرەوەی هاوکێشەکان و مەرجی سەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد بن. بۆیە من بەو شێوەیە پێی دەڵێم قۆناغێکی نوێ کە لەم قۆناغەدا بەشێکی زۆرتری چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە هوشیارییەکی زۆرترەوە لە هەموو میکانیزمەکانی خەبات ( لە هەموو بوارەکاندا ) کەڵك وەردەگرن. پێم وایە هەر چەند رەوتی سەرکوتی رێژیم تادێ توندتر دەبێ، بەڵام بە هۆی گەشەی ئاستی هوشیاریی نەتەوایەتی و سیاسیی خەڵکی کوردستان، ئەم مێتۆدە لە داهاتووشدا هەر بەردەوام دەبێ و لە فۆرمی جۆراجۆردا دێتە ئاراوە. لە کۆتاییدا دەتوانم بێژم ئەگەر خۆێندنەوەیەکی دروستمان لەم جووڵانەوە هەبێت و لە دەستنیشانکردنی ئامانجەکانیدا تووشی هەڵە نەبین دەکرێ بە جووڵانەوەیەکی سەرکەوتووی بزانین کە بێگومان باندۆری پۆزەتیڤی لە پێشخستنی پرسی نەتەوەییدا هەیە و دەشتوانین لە داهاتوودا چاوەڕوانی بەردەوامی و پەرەسەندنی بین. وەك پێشتریش وتم جووڵانەوەیەکی ئەوتۆ دەربڕی پەیامی ئاشتیخوازاندی نەتەوەی کورد سەبارەت بە ئازارەکانی و پێویستیی چارەسەریی کێشەکانیەتی. لەلایەکی دیکەشەوە هێمای بەرخۆدان و یەکگرتوویی خەباتکارانی بەندکراوی کورد بوو.



# روخساری ئیلامی خەماوی

ن: فەریبا پەژووە

بەشی یەکەم

و: تەها رەحیمی

ئیلام ئەو شارەی کە لە نێو لێڕەوارە بەڕووە جوانەکاندا خۆی حەشار داوە، ئەو رۆژانە بینەری فڕینی قەقنەز[1] لە ئاور دایەو بێدەنگی هەموو شار، بەڵکوو گشت ئێرانی داگرتووە. نازانم چۆن، بەڵام سەد خۆزگە دەستی زەمەن تۆزی خەمۆکی و خەمی روخساری ئیلامی سڕیباوە هەتا ئەو جارە کۆکنوسەکان لە چاوی شادی کچان و کوڕانی ئیلامیدا فڕیبان نەك لە ئاوردا...

ئیلام، شارێکی شاراوە لە نێوان ئەو چیا بەرزانەی کە بە داری بەڕوو داپۆشراون. لە کرماشان و جادەی قەڵاجەوە کە بەرەو باشوور دێی جادەکە نشێوی شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو کۆمەڵێك خانووبەرەی نە زۆر بەرزو نە زۆر نزمی سیمانی (چیمەنتۆ)و خەڵکێك کە لە خێڵی جۆراوجۆر پێك هاتوون کە لە کوچەو کۆڵانی تەسك و تەنیا چەند شەقامی بەرین پێك هاتوە، کە ناوی هەمووی ئەمانە لەسەر نەخشەی جوگرافیایی، "ئیلام"ە.

شاری ئیلام لە بواری هەڵکەوتووی جوگرافیاییەوە لە بنبەست دایە. بە جۆرێك تەنیا بۆ چوونە ئیلام، دەبێ بە جادەی ئیلامدا تێپەڕی. خەڵکی ئیلام لە هۆزی جۆراوجۆر پێك دێن کە گەورەترینیان بریتین لە خێڵی شوهان، مەلەك شاهی، میش خاس، دێ بالایی، عالی بەیگی، خزل، کەلهوڕ، ئەیوانی و کاویوردە. هەرکام لەو هۆزانە لە ناوچەی ئیلامدا وەك خێڵ ژیاون و هەرکام خاوەن بنزاراوەی زمانی تایبەت بە خۆیانن.

شیرازەی حەشیمەتی ئیلام لە دوو هۆزی گەورەی کەلهوڕو لۆر "لەك" پێك دێ کە زاراوەی ئەو شارە تێکەڵاوێکە لەو دوو زاراوەیە. بەو حاڵەشەوە ناتوانین کاریگەریی فەرهەنگی و دەمارگرژی عەرەبی - عێراقی کە لە بەر هاوسنوور بوون لەگەڵ عێراق و ئاڵوێری فەرهەنگی و هاموشۆی ئابووری و کالایی لە بەرچاو نەگرین. بە شێوەیەك کە لە شاریدا هێمای فەرهەنگی عەرەب، واتا چارشێوی عەرەبی بەسەر ژنانەوە دەبینرێ. ئەو ژنانەی کە شەدەی (هەوری) کوردی وچارشێوی عەرەبییان بە سەرەوەیەو بە زاراوەی کەلهوڕی لەکی دەدوێن.


لەوانەیە ئەم رۆژانە بە رامانێك هەست بەوە بکەین کە کۆمەڵگەی ئیلام لە حاڵی تێپەڕین لە جۆرێك نەریتی کۆنی ریشاوژۆ بەرەو جۆرێك مۆدێرنیتەی تایبەتە. بە وتەی کەریمی، بەرپرسی پارتی رێفۆرمخوازی بەشداری (مشارکت) لە پارێزگەی ئیلام، بنەماڵە بەربڵاوەکانی ئیلام لە حاڵی بچووك بوونەوەو گۆڕان بە بنەماڵەی بچووك دان. بە جۆرێك کە بەرەبەرە ئەو بنەماڵە گەورەو پیرسالارانەی کە چەند نەوە کوڕ، باب و باپیری لە خۆ دەگرت، بچووك دەبنەوەو ئاپارتماننیشنی وەك هێمای بنەماڵەی بچووك لە برەودان دایە. بەڵام هەرچۆنێك بێ هێشتاش لە شاری ئیلامدا کەشی خێڵایەتیی و هۆزایەتی هەست پێدەکرێو هێشتاش خەڵك دەتوانن لە رووی نازناویان شوێنی نیشتەجێ بوون، پێوەندیی خێڵایەتیی یەکتر بدۆزنەوە.

هێشتاش کەسانێك لەو کۆمەڵگەیە دان کە شانازی بە بەستراوەیی هۆزایەتیی خۆیانەوە دەکەن یا لێی بێزارن و ئەو پرسە لە قۆناغی تایبەتدا، وەك هەڵبژاردنە خۆجێیەکان (شوراکان) و یان هەڵبژاردنی پارلماندا دەرکەوتنێکی هەستیارتری هەیە. بە وتەی یەکێك لە بەرپرسانی سیاسیی پێشوو لەو پارێزگایە، لە سەردەمی سەرکۆماریی خاتەمیدا کاتێ عەبدلواحید موسەوی لاری بە سەفەر هاتۆتە ئیلام، ئیلامی بە شاری "خەمناك" (مغموم) ناوزەد کردوەو بێگومان ئەم خەم و خەمۆکییە لە شاردا دەبینرێ. مەجید بەیگ نەزەری، بەڕێوەبەری حەوتوونامەی خۆجێی و رێفۆرمخوازی "شکوە آزادی" وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەو بابەتە دەڵێ "خەمۆکی بە شارەوە دیارەو کێشەیەکە حاشا هەڵنەگر ". خانووبەرەکان لە ئیلام زیاتر رووکاریان سیمانیەو بیناسازی و رووکاری بینا بە پێی پەسند کراوی گشتی شار چێناکرێ و چاودێری و کۆنترۆڵێکی تایبەتییش ناکرێ. شەقامەکانی شاری ئیلام زۆر تەسك لێ دراون و تەنیا ٢یا ٣ شەقامی سەرەکیی بەکار دێن. ئەگەر بوونی فەزای سەوز بە یەکێك لە پێوەرەکانی زیندوویی و خۆشحاڵ بوونی کەشی شاری دانێین، دەبێ سەرنج بدەینە ئەو خاڵە کە دابەشینی فەزای سەوز بە سەر حەشیمەتی شاردا لەگەڵ ژمارە ستانداردەکەی جیاوازییەکی ئێگجار زۆری هەیە، بە جۆرێك کە لە شاردا، لەوانەیە هیچ باغچەیەکی گشتی و پارك و فەزایەکی سەوز نەبێ. رەزا رەحیمی دانیشتوویەکی شاری ئیلامە. ناوبراو لەم بارەیەدا دەڵێ: "ئیلام هیچ ئیمکاناتێکی خۆشگوزەرانی رابواردنی نیە کە لەگەڵ رادەی حەشیمەت و دۆخی شاری گونجاو بێ".

لە هەر شارێکدا پارکێك یان شوێنێك بۆ بەساڵاچووان و پیرەپیاوان هەیە کە لێی کۆبنەوەو پێکەوە قسە بکەن، بەڵام ئیلام تەنانەت ئەوەشی نیەو پیرەپیاوان دوانیوەڕوان لە نێوەڕاستی مەیدانی ناوەندیی شار (٢٢ی بەهمەن یا مەیدانی شای پێشوو) دادەنیشن. ئەو شارە بۆ ٢٠٠ هەزار کەس تەنیا هۆڵێکی نیوەداخراوی سینەمای هەیەو هیچ دامەزراوەیەك نە لە رووی یاسایی و نە لە رووی شەرعی هەست بە بەرپرسایەتی ناکا. رەزا ئەم جار بە دەنگێکی بەرزتر، وێڕای ئەوەی کە وێدەچێ قەڵس بووبێ دەڵێ: "شەڕ. ئەو کاریگەرییە نەرێنی و رووخێنەرەی کە شەڕ کردوویەتە سەر ناوچەو خەڵکەکەی بەو زوویانە چارەسەری نابێ ".

ناوبراو دەڵێ: "بە بڕوای من تەواوی خەڵکی ئیلام لە بواری





دەروون و دەماردا خەسار دیتووی ٥٠٪ن. ئەوەش هەمووی کاریگەریی شەڕە و پرسیارەکەش ئەوەیە، ئایا ئیلام بەر لە شەڕ پێشەنگی ئاماری زێدرۆی خۆکوژی لە وڵاتدا بوو؟".

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی مەزەندەی کردوە ساڵانە نزیك یەك میلیۆن مرۆڤ خۆ دەکوژن و بە شێوەیەکی مام ناوەندی هەر ٤٠ چرکە کەسێك لە جیهاندا خۆی دەکوژێ. لە ئێرانیشدا خۆکوژی بە خەسارێکی جیدی دادەنرێ. بەڵام وێدەچێ بەرپرسان خۆ لەو پرسە بدزنەوە و نایانەوێ ئامارێکی ورد و تەواو لەم بارەیەوە بڵاو بکەنەوە، بەڵام هەر چۆنێك بێ بە پێی ئەو زانیارییانەی لە بەر دەست دان و بە شێوەیەکی نافەرمی لە لایەن توێژەران و لێکۆڵەرانەوە بڵاو کراوەتەوە، خۆکوژی ساڵانە لە ئێران لە ٣٠ هەزار کەس تێدەپەڕێ. تەمەنی مەترسیداری خۆکوژی لە ئێراندا ١٥ هەتا ٣٥ ساڵانە.

ئەوە لە حاڵێك دایە لە وڵاتانی دیکەدا ئەو تەمەنە بۆ پیاوان ٥٤ ساڵ بۆ ژنان ٥٥ ساڵە. ئامارێکیش لە پێوەندیی لە گەڵ رەگەزی نێرینە و مێینەدا هاتۆتە دەست کە نیشان دەدا لە بەرانبەر ١٠٠ خۆکوژی ژندا، تەنیا چەند پیاو خۆیان کوشتوە. بە پێی ئەو ئامارە پرش و بڵاوانەی ساڵی ١٣٨٣ بڵاو بوونەتەوە زۆرترین ژمارەی خۆکوژیی ژنان نزیك ٦٦٠ کەس بووە لە پارێزگەی قوم. بە پێی توێژینەوەیەکی دیکەش کە هەواڵدەریی خوێندکاری ئێران "ئیسنا" ئاکامەکەی بڵاو کردۆتەوە. توندوتیژیی هاوسەران و کێشەی خێزانداریێتی بە گرینگترین هۆکاری خۆکوژیی ژنانی مێرددار دەژمێردرێ. بە پێی ئەو ئامارانەی لەم توێژینەوەیەدا وەدەست هاتوون، ٣٧٤ کەس لەو ژنانەی توێژینەوەیان لە سەر کراوە بە زۆری بە مێرد دراون، ٥٠/٥٪یان لە مێردەکانیان دەترسن.

هەروەها، ٦٧٪ی ئەو کەسانەی توێژینەوەیان لە سەر کراوە هاوسەرانیان توندوتیژ بەرانبەریان جوڵاونەتەوە و ٧٤/٧٪ی ئەوان ئاگایان لە ناوەندەکانی پشتیوانی کردن لە ژنان، لە کۆمەڵگەدا نیە.

ئێران سێیەمین وڵاتە لە جیهاندا کە خۆکوژیی ژنان تێیدا روو لە بەرز بوونەوەیە و لە حاڵی وەپێش کەوتن لە ئاماری خۆکوژیی پیاوانە. لەم بوارەدا چین لە پلەی یەکەم و هیندوستان لە پلەی دوویەم دایە. لە باری خۆکوژیی ژنانەوە، لە راپۆرتی نیشتمانیی توندوتیژی دژی ژنان کە لە لایەن دامەزراوەی سەرکۆماری لە ساڵی ٧٩دا بڵاو بۆتەوە، هاتوە کە ئاماری خۆکوژیی ژنان لە پارێزگاکانی کوهکیلویە و بویر ئەحمەد، ئیلام، کرماشان و کوردستان زۆر زیاتر لە ئاستی خۆکوژیی وڵات دایە. لە حاڵێکدا ژمارەی خۆکوژیی ژنان لە پارێزگاکانی وەك تاران و سیستان و بەلوچستان لە خوار لە سەدا، دەیە. لە کرماشان و ئیلام خاڵی شایانی سەرنج، ئەو شێوازانەن کە ژنان خۆیانی پێدەکوژن، ئەو مێتۆدانە بریتین لە: خۆسووتاندن یان خواردنەوەی ژەهری بە هێزی کشتوکاڵی، وەك ژاری کۆشەندەی "سوین" و ئەو شێوازە خۆکوشتنەش تەنیا واتایەك دەدا و ئەویش بریاری "بێ ئەملاو ئەولا"یە بۆ مردن.

هەروەها لەو ئامارەدا کە رۆژنامەی دەوڵەتی ئێران بڵاوی کردۆتەوە، بە هەڵسەنگاندی ئاماری خۆکوژیی ژنان لە ساڵەکانی ٨٠ و ٨٣، دەبینین رادەی خۆسووتاندنی ژنان لە پارێزگەکانی کرماشان و ئیلام ٣٧٪ زیادی کردوە.

بەڵام پرسیارەکە لێرە دایە بۆچی خۆسووتاندن؟ زۆربەی کارناسان لەسەر ئەو بڕوایەن خۆسووتاندن لەخۆی دا جۆرێك ناڕەزایەتیی دەربڕینی شاراوەیەو بە پێچەوانەی شێوازەکانی وەك حەب خواردن و خۆ هەڵواسین بە هێمنیو بێدەنگی گیانی قوربانییان دەستێنێ. بە جۆرێك دەتوانین بڵێین خۆ سووتاندن هاوارێکە بۆ ناڕەزایەتیی دەربڕین دژی دۆخی ئارایی. لە سەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەی تاڵەقانیی شاری ئیلام کە هەر بە قەدەر ناوەندێکی تەندروستیی شارێکی گەورە دەبێ، لە بەشی رووداوەکانو سووتاندا کە دوو ژووری لێك جیای پیاوانو ژنانی هەیە، فریشتە عەبدوڵڵاهی کچێکی ٣٢ ساڵەی ئیلامی کەوتووە - فریشتە یەکێك لە دەیانو لەوانەیە سەدان ژنێك بێ کە بۆ ناڕەزایەتیی دەربڕین دژی دۆخی ئارایی خۆی سووتاندوە. بە داخەوە ئەو خۆسووتاندنە سەرکەوتووانە بووەو ئەو تووشی سووتانی ١٠٠٪ بووە. پەرستاری بەشو تەنیا کەسێك کە دەبێ ئیزنی چوونە ژوورەوەی لێ وەربگرێ، کچۆڵەیەکی خەڵکی ئیسفەهانە کە بۆ خولی فێرکاریی کارەکەی هاتۆتە ئیلام. کاتێ لە بارەی رەوشی خۆسووتاندنەوە لە ئیلامدا پرسیار لە "خاترە" دەکەم، دەڵێ: "ئەو شتە لێرە زۆر باوە. رۆژ نیە سووتاومان نەبێ. لە ساڵانی رابردوودا خۆسووتاندن زیاتر لە نێو ژناندا باو بووە بەڵام ئێستا دەبینین پیاوان دێنن کە خۆیان سووتاندوە. نەخۆشخانەی ئیلام ئامێری پێویستی بۆ دەرمانو چارەسەر کردنی خۆسووتێنەرەکان نیە بۆیە تەنیا ئەو کەسانە لەو نەخۆشخانەیە دەهێڵنەوە کە بە تەواوی سووتاون و ئیدی هیوا بە مانیان نیە".

خاترە، دەمامکی سەر روخساری دێنێو دەباو بە خەمباریەوە دەڵێ: هیوادارم خولی فێرکاریم لەو شارە زوو کۆتایی پێ بێ. ئەگەر هەر ئاوا بڕواتە پێش لەو نەخۆشخانەیەداو بە تایبەت لەو بەشەدا تووشی خەمۆکیی رۆحی دەبم. لە دەرەوەش بابی فریشتە راوەستاوە، جاری وایە دادەنیشێ و جاری وایە جگەرەیەك دادەگرسێنێ. لە قسە کردن خۆی دەبوێرێ. تەنانەت پێی خۆش نیە سەردانی کچەکەشی بکەم. بەڵام وردە وردە هێور دەبێتەوەو دەڵێ: نازانم چ رووی دا. فریشتەم ناردە زانکۆ لە تاران لیسانسی وەرگرتو هاتەوە ئیلام ساڵێك بێکار بوو. پاشان بە شێوەی "حق التدریسی"ی لە وەزارەتی پەروەردە دامەزرا. نزیك بە ساڵێك مامۆستایەتیی کرد، پاش ساڵێك وتیان مامۆستامان پێویست نیەو مووچەکەیان بڕیو فریشتە خانە نشین بوو. بابی فریشتە فرمێسك هەڵ ناوەرێنێ، بەڵام پچڕپچڕو بە دەنگێکی نزم بە جۆرێك دەوروبەرو دراوسێو هاوشارییەکانی گوێ بیستی وتەکانی نەبن دەڵێ: "دوێنێ پرسیارم لە فریشتە کرد ئەوە چ کارێك بوو بە سەرت هێناین! پێی وتمەوە نەمدەویست سەرباری ئێوە بم. مەبەستم لە خوێندن ئەوە بوو کە کارێك بکەم یارمەتیدەرت بم بەڵام هەنووکە دەبینم مایەی دەردەسەریشم، ئاخر من (بابی فریشتە) کرێکارم. ٦ کچو ٢ کوڕم هەیە. فریشتە منداڵی نۆبەرە و براکانی زۆر وردنو فریشتە هەمیشە دەیویست بۆ خەرجی گوزەران یارمەتیدەرم بێ، بەڵام ئێستا....

لە بارەی کێشەی خۆسووتاندن لە هێندێك لە شارەکانی ئێراندا، بە پچڕپچڕی ئامارو زانیاری دەست دەکەوێ. چونکە بەرپرسانی دامودەزگا دەوڵەتییەکان ئامادە نین ئامارێکی راستو تەواو لەو بارەوە بڵاو بکەنەوە کەواتە ئامارو زانیاریەکان تەنیا لە ئاستی وتار، بینین و گێڕانەوەکان دایە بەو حاڵەشەوە لە ساڵانی رابردوودا پەروین بەختیارنژاد کتێبێکی لەم بوارەدا بە ناوی "ژنانی خۆسووتێن" بڵاو کردۆتەوە. ناوبراو لە بارەی هۆکاری هەڵکشانی ئاماری خۆکوژی لە هێندێك پارێزگەی وڵاتدا دەڵێ: "بەرز بوونەوەی ئاستی وشیاریی ژنانو تێگەیشتن لەوەی کە چ مافگەلێکیان لێ زەوت کراوە لەو بوارەدا دەور دەگێڕێ، لە بەرانبەریشدا لاوازیی ژنان بۆ گۆڕینی دۆخی ئارایی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان هەست بکەن کەوتوونەتە بنبەستەوەو توانایی ئەنجامی هیچ کارێکیان نیە، بۆیە خۆ دەکوژن. ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ: " ئەو ژنانەی لە پارێزگای ئیلامدا دەژین لە راستیدا خێوەت نشین بوونو لە ژێر خێوەتدا ژیان، بەڵام ئەوان لە رێگەی رادیۆو مامۆستای گوندەوە بەدواداچوونی ئەو پێشکەوتنو ئاڵوگۆڕانانە دەکەن کە لە شارە گەورەکاندا رووی داوە، بەڵام چونکە ناتوانن مافەکانیان بە گوێرەی پێویست دەستەبەر کەنو هەلومەرجی ئارایی بگۆڕن پەنا بۆ خۆ ئازار دانو خۆکوژی دەبەن. بەختیارنژاد لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان عێراقو ئێرانو کاریگەریی خراپی ئەو شەڕە لە سەر ورەی خەڵکی پارێزگا سنوورییەکان دەکاو دەڵێ: " ئەو پارێزگایانەی ئاماری خۆکوژیی بەرزیان هەیە زیاتر پارێزگە سنوورییەکانو ئەو ناوچانەن کە ٨ ساڵ لە شەڕدا بوونو بەم پێیە خەمۆکییەکانی دوای شەڕ دەتوانێ یەکێك لە هۆکارەکانی خۆکوژیی خەڵکی ئەو ناوچانە بێ". زۆربەی کارناسانو خەڵك لە بارەی کاریگەریی دەروونی شەڕ لە سەر خەڵکی پارێزگا سنوورییەکان هاوڕان.

# تورکیە پێویستی بە دوکلێرکە نەك ئەردوغان

حسێن ئەحمەدپوور

رەشـــەمەی ١٣٧٧ لــەو خۆپیشاندانانەی کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە نارەزایەتی بە دەسبەسەرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بەرێوەچوو، دروشمێك سەرنجی راکێشام "عبدالله اوجلان، ماندلای کردستان". ئێستاش کە بیری لێ دەکەمەوە ئەگەرچی پێم وایە دەبێ نێلسۆن ماندێلا لە لایەن رێبەرانی هەموو گەلانی ژێردەستی جیهانەوە وەکوو ئۆلگو سەیر بکرێ و خەباتەکەیان بە دوور لە هەر چەشنە توندو تیژی و هەستی تۆڵە سەندنەوەیەك بێ. بەڵام بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئەوەی گرینگترە لە بوونی رێبەرێکی وەکوو ماندێلا لە نێو کورد دا ـ کە نموونەیان لە نێو کورد دا کەم نین وەکوو پێشەوا قازی محەممەد و... ـ ئەوەیە کە لە لایەنی بەرانبەردا کەسانێکی وەکوو دوکلێرك (دوایین سەرکۆماری رێژیمی ئاپارتاید لە ئافریقای باشوور) هەڵکەون، کە شەهامەت و بوێری ئەوەیان هەبێ پاش نزیك بە سەدەیەك ستەم و هەڵاواردن و حاشا لێکردن دان بە کێشەکە دا بنێ و لەگەڵ کەسانێك و لایەنگەلێك بکەونە وتووێژەوە کە کێشەکە کێشەی ئەوانە و بەوانیش نەبێ چارەسەرێك بەدی نایە.

حەوتووی رابردوو ئەحمەد تورك سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دێموکراتیك (DTP) لە ئاخاوتنێك دا کە لە دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی ئامادەیی تورکیە بۆ دانیشتن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردی ئاماژەی بە راستییەك کرد کە هەر دەبێ رۆژێك دۆکلێرکێك لە تورکیە بەو رێگەیەدا بڕوا.

ئەحمەد تورك وتی: "چارەسەری کێشەی PKK، چارەسەری کێشەی کوردە لە تورکیە، چارەسەریش ئەوەتا لە نێو خۆی تورکیەیە و دەبێ لەگەڵ رێبەرانی کورد لێرە دانیشن و وتووێژ بکەن، هەزار دانیشتن لەگەڵ مەسعوود بارزانی و لایەنی دەرەکی دیکە هیچ ئاکامێکی نیە". ئەو قسەیەی ئەحمەد تورك قسەی کۆتایی و سەرەتایە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد. کۆتایی بەو واتایەی کە دەوڵەتی تورك بۆ چارەسەری راستەقینە و کۆتایی هێنان بە شەڕ و توندوتیژی و دوژمنکاری لە نێوان ئەو دوو گەلەدا کە ئەرتەش و رەگەز پەرستانی تورك نزیك بە سەدەیەکە لە سەر ئەو خوانە نان دەخۆن و ئاگرەکەی باوەشێن دەکەن، هیچ بژێرەیەکیان لە بەردەمدا نیە جگە لە وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی راستەقینەی گەلی کورد لە باکووری کوردستان و هەروەها سەرەتایە بەو واتایەی کە پاش ئەوەیکە دوکلێرکی تورکان دانی بەو راستییەدا نا و ئامادەی وتووێژ کردن بوو لەگەڵ نوێنەرانی راستەقینەی کورد، ئەو کات ئەوە سەرەتای رێگەیەکە کە رێبەرانی هەردوولا بەیەکەوە بیر لە شێوازەکانی چارەسەری بکەنەوە و دیکەوە هەر ئەو چالاکییە چەکدارییە کە سەرنجی نێونەتەوەیی بۆ کێشەی کورد راکێشاوە، هێڵی دووەمیش بریتیە لەو خەباتە بەربڵاوە جەماوەری و ئاشتیخوازانەی کە لە چەند ساڵی رابردوودا پەرەی سەندوەو رێبەرانێکی بە ئەزموونی وەکوو عوسمان بایدەمیر، لەیلا زاناو ئەحمەد تورك و ...ی پێگەیاندوە.

Akp کە خۆی وەکوو پارتێکی میانەڕەو پێناسە دەکاو ئەردوغان کە بە رواڵەت دان بە کێشەی کە خۆی لە چەکدارانی pkk دا دەبینێتەوەو بە بەرپرسیاری سەرەکییان دەزانێ لە هەموو دواکەوتوویییەکانی ناوچە کوردنشینەکان دا.

Akp زیرەکانە بە گرتنە بەری سیاسەتی جیاکردنەوەی کێشەی کوردو کێشەی تیرۆر هەوڵ دەدا کە خەباتی چەکدارانەی pkk وەکوو کۆسپ بە کوردان بناسێنێ و بەم شێوەیە بەلاواز بوونی ئەو خەباتەی کە وەرەبەخشی خۆڕاگریی خەباتی جەماوەرییە، خۆڕاگریی جەماوەری

ئێستادا لە بەهێزترین کاتی خۆی دایە هەر بۆیە دەوڵەتی تورك ئامادەیە زۆر شت قبووڵ کە تا ئەمڕۆ بە گەورەترین مەترسیی دەزانی، بۆ وێنە ئامادەیە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دانیشێ و بە جۆرێك دان بەو حکوومەتە کوردییەدا بنێ کە ئەمە هێڵێکی سوور بوو لە نێو گۆڕەپانی سیاسی تورك دا. کەواتە دەبێ بزووتنەوەی کورد لە باکوور لە سەر ئەو رێڕەوەی ئێستای بڕواتە پێش و هەوڵی بەهێزتر کردنی بەتایبەت بەهێزترکردنی هێڵی دووەمی خۆی بداو فشارەکان بۆ سەر دەوڵەتی تورك پەرە پێ بدا. گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە رێبەرانی بزووتنەوەی کورد وەکوو ماندێلا هەر کات ئامادەی لێبووردن و دیالۆگ و کۆتایی هێنان بە توندوتیژین بۆیە لە کاتی فشار هێنانی دەرەکی دا کورد دەتوانێ ماندێلایەك بە دنیای دەرەوە بناسێنێ، بەڵام ئەوە تورکەکانن کە دەبێ بتوانن دوکلێرکێك بە دەرەوە بناسێنن بۆ ئەوەی کۆتایی بە دوژمنکاری و توندوتیژی بێ. بە بێ دەسپێشخەری تورك ئەو کێشەیە هەروا درێژەی دەبێ، کەواتە تورك پێویستی بە پیاوی گەورە هەیە نەك ئەردوغان کە سیاسەتی لە سەر چەواشەکاری و بەلاڕێدا بردن بەرێوە دەبا. تورکیە پێویستی بە پیاوێکی گەورەی وەها هەیە کە توانای ئەوەی هەبێ بەر لە چارەسەری داوای لێبوردن لە گەلێك بکا کە دەیان ساڵە حاشای لێ دەکری، بتوانێ داوای لێبووردن لە کەس و کاری ئەو هەموو قوربانییە بکا، تەنانەت داوای لێبوردن لە گەلی تورك بکا کە دەیان ساڵە لە سەر کلتووری فاشیزم وە رەگەزپەرەستی پەروەردە دەکرێن، بتوانێ داوای لێبوردن لە خەڵکی تورکیا بکا کە ٥٠٠ملیارد دۆلار سامانی ئەو وڵاتەی لە شەڕێك دا بە فیڕۆ داوە کە تەنیا بازرگانانی مەرگ قازانجیان تێدا کرد. بتوانێ داوای لێبوردن لەو سەربازە بە دیل گیراوانە بکا کە ساڵی رابردوو پاش چەند رۆژ لەلایەن pkkوە ئازاد دەکرێن و سەرکردەکانی تورك بە بێغیرەت و ترسنۆکیان ناو دەبەن و لەو پەڕی سوکایەتی پێکردن دا بەجێگەی پێشوازی لێکردن لە بەندیخانەی سوپادا لێکۆڵینەوەیان لێدەکرێ؟



## چاوەڕوانی وازهێنان لە خەباتی چەکداری ساویلکانەیەو جێبەجێ بوونی ئەو چاوەڕوانییەش لە لایەن کوردەوە دۆڕاندنێکی گەورەیە.

بۆ ئەوەش دەتوانن داوای یارمەتی لە لایەنی دەرەکی و وڵاتانی دێموکراتیك وەربگرن.

هەندێك کەس و لایەن زۆر ساویلکانە رەخنە لە بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان دەگرن کە لە بەرانبەر دەوڵەتی میانەڕەوی پارتی دادو گەشەدا نەرمی نانوێنێ و دەرفەتەکانی چارەسەری لەکیس گەلی کورد دەدن. بزووتنەوەی کورد لە باکوور بە هەموو کەم و کوڕییەکانیەوە لە سەر دوو هێڵی هاوتەریب بەرەو پێشەوە دەچێ و هەر چەشنە پاشەکشەیەکی بێبەرانبەر بە واتای شکست و لاوازی دێ ودۆڕاندنێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. هێڵی یەکەم ئەو خەباتە چەکدارییە کە لە لایەك وزەبەخشی خۆڕاگریی خەڵکی کوردە لە باکوور و لە لایەکی کورددا دەنێ لە لایەك هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە کێشەی کورد بە کێشەی تیرۆر بناسێنن و لە لایەکی دیکەوە هەوڵ دەدەن کە بۆ بەلاڕێدا بردنی رای گشتیی خەڵکی کورد کێشەی کوردو کێشەی تیرۆر لێك جیا بکەنەوە. بەو واتایەی کە کێشەیەك بە ناوی کێشەی خەڵکانێکی کوردزمان لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیە هەیە کە خۆی لە هەڵاواردنی ئابووری و هەندێك کێشەی کلتوری دا دەبینێتەوە کە Akp بە هەموو هێزەوە هەوڵ دەدا بە تەرخان کردنی ١٢ ملیارد دۆلار زیاتر لە بوودجەی پێش بینی کراوو هەروەها دانانی تلویزیۆنێك کە گۆرانی مەزهەبی بە زمانی کوردی بڵاو دەکاتەوە کێشەکە چارەسەر بکا. بەڵام لە هەمان کاتدا Akp دەڵێ کێشەی تیرۆریش هەیە و ئاشتیخوازانەی کورد تێك بشکێنێ و خۆی لە کوردستان ببێتە حیزبی یەکەم.

بەو پێیە ئەگەرچی پێویستە و دەبێ هێڵی دووەمی بزووتنەوەی کورد واتە خەباتی جەماوەری و مەدەنی رۆژبەرۆژ بە هێزتر بکرێ و گرینگی پێ بدرێ، بەڵام وازهێنان لە خەباتی چەکدرای تەنیا ئەو کاتە راستەو لە بەرژەوەندی کورددا تەواو دەبێ کە دەوڵەتی تورك دان بە راستی کێشەکە دابنێ و ئامادە بێ بۆ چارەسەری لەگەڵ نوێنەرانی راستەقینەی کورد بکەوێتە وتووێژەوە. جگە لەوە چاوەڕوانی وازهێنان لە خەباتی چەکداری ساویلکانەیەو جێبەجێ بوونی ئەو چاوەڕوانییەش لە لایەن کوردەوە دۆڕاندنێکی گەورەیە.

بزووتنەوەی کورد لە باکوور لە

پانۆراما

### تورکیە هەوڵ دەدا داراییەکانی PKK لە بانکەکانی رۆژئاوا دەستیان بەسەردا بگیردرێ

دوابەدوای ئاڵۆزییەکانی دوو حەوتووی رابردوو لە سەر سنوورەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان ناوەندی ئەمنییەت و دێموکراسی تورکیا گەڵاڵەیەکی پێشنیاری سەبارەت بە دەست بە سەرداگرتن بە سەر سەرچاوەکانی دارایی PKK لە ئورووپا و ئامریکا پێشکەش بە سەرۆك وەزیری تورکیە کردووە. بە پێی هەواڵەکان ئەردۆغان پشتیوانی خۆی بۆ جێبەجێ کردنی گەڵاڵەکە دەربڕیوە.

هەر لەم پێوەندییەدا بڕیارە مانگی داهاتوو تورکیە ژمارەیەك پسپۆری ئەمریکایی و ئورووپایی بۆ دانانی پلانێك دژ بە PKKبانگهێشت بکا کە لەو پلانەدا دەست بە سەر سەرچاوە داراییەکان و هەروەها کاناڵەکانی راگەیاندنی PKK دا دەگیرێ.

### سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی تاران دەکا

ئاژانسەکانی هەواڵ لە سەر زاری دوکتور فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڵاویان کردەوە کە مەسعوود بارزانی دوای گەرانەوەی لە بەغدا لە سەر بانگهێشتی فەرمی کۆماری ئیسلامی سەردانی تاران دەکا.

بارزانی لەو سەردانەیدا بڕیارە باس لە شێوازی پێوەندییەکانی دوو لایەن بکات.

شایانی باسە هەیئەتێکی پایە بەرز پێکهاتوو لە فازل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان، ئەرسەلان بایز ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و فوئاد حوسێن هاوڕێیەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن.

### بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا ٥ لێژنە پێك دێن

حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی عێراق بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوانیان بڕیاریان داوە ٥ لێژنەی کاری تایبەت پێك بهێنن. لەمبارەیەوە عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پارلمانی عێراق بە رۆژنامەی هاووڵاتی راگەیاند شاندی حکوومەتی هەرێم دوای چەند کۆبوونەوە لەگەڵ مالکی بەو ئاکامە گەیشتن کە ٥ لێژنە بۆ چارەسەرکرانی کێشەکان پێك بێنن. ناوبراو هەروەها وتی پاش گەڕانەوەی سەرۆکی هەرێم لە تاران و نوری مالکی لە دەرەوەی وڵات دوو لایەن لە سەر شێوازی کار کردنی ئەو ٥ لێژنەیە ساخ دەبنەوە.

# بزاڤی خۆرهەڵاتی کوردستان و ئاکامە نەرێنییەکانی پڕوپاگەندەی هیوابەخش

سامان کۆنەپۆشی

ئەگەرچی ئەمڕۆکە ئەو تێگەیشتنە مارکسیستییە ئەرتۆدۆکسییەی کە پێی وایە هەر لە سەرلەبەیانی سەرکەوتنی شۆڕشەوە مرۆڤێکی نوێو کۆمەڵگەیەکی نوێ، بە پێکهاتەیەکی تازەوە دێتە بەرهەم، بە شێوەیەکی جیدیو هەمەلایەنە کەوتۆتە ژێر پرسیارو ڕەت کراوەتەوە. بەڵام شۆڕش خۆی لە خۆیدا هەوڵو تێکۆشانی بەکۆمەڵی، چ ئاشتیخوازانەو چ توندئاژۆیانەی کۆمەڵێك مرۆڤی گۆڕانخوازی ڕادیکاڵە، کە بە مەبەستی پێکهێنانی وەرچەرخانو گۆڕانکاریگەلێکی خێرا، فرەڕەهەندو ڕادیکاڵ لە هەرێمە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەدا، بەڕێوە دەچێت. هەموو بزاڤێکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرییش بە کەرەستەی ئاشکراو دیاری گۆڕانکاری دەژمێردرێت. بەم پێیە، بوونی بزاڤێکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، هێمایە لە بوونو ئامادەیی ئینتیمایەکی گشتیو جەماوەری بۆ پێکهێنانی گۆڕانو گۆڕانکاریگەلێکی خێراو فرەڕەهەند لە هەرێمە جۆربەجۆرەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا. شۆڕشگێڕیش مرۆڤێکە کە دەکەوێتە ڕیزی مرۆڤە خۆبەخشو لەخۆبردووەکانەوە. مرۆڤی شۆڕشگێڕ بە کەسێکی ناڕازیو دژبەرێکی جیدیو ڕادیکاڵی ئەو بارودۆخە دەژمێردرێت کە هەیەو، تامەزرۆی هاتنەدی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە بزاڤی شۆڕشگێڕانە داوای دەکات. ئەم مرۆڤە زۆرتر بە پێی ویستی خۆی بە بزاڤەکەوە پەیوەست دەبێت. شۆڕشە سیاسییەکان لە دۆخێکدا سەر هەڵ-دەدەن کە ئەگەرەکانی پێکهێنانی گۆڕان لە فۆرمی ڕیفۆرمدا لە ئارادا نەبێتو، سیستمی سیاسیی وڵات توانستی خۆگۆڕینو خۆگونجاندنی لەگەڵ دونیای نوێدا نەبێت. بە دەربڕینێکی دیکە، درگاکان بە ڕووی پێکهێنانی گۆڕانکاریی هەنگاو بە هەنگاودا داخرابن، کەواتە بەڵگەنەویستە کە ڕووی هێرشی بزاڤە شۆڕشگێڕانەکان ڕێژیمە سەرەڕۆکانن.

هەرچەند جیاوازیگەلێکی جەوهەریی ئاشکرا لە نێوان ئامانجو مەبەستەکانی بزاڤە شۆڕشگێڕانە لێکجیاکاندا هەیەو بەدی دەکرێت، لێ خاڵێکی هاوبەش لە نێوان تێکڕای بزاڤە شۆڕشگێڕانەکان، چ بزاڤی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیی، چ کرێکاریو...،دا دەبینرێت، کە بریتییە لە چێکردنی هیوایەکی ناکۆتاو بێ-سنوور بە داهاتوو لە نێو شۆڕشگێڕانو ئالیگرانی تەڤگەری شۆڕشگێڕانەدا. ئەم خاڵە هاوبەشە هاوکات بە یەکێك لە پێویستییە ژیانەکییەکانی سەرکەوتنی ئەم چەشنە بزاڤانەش دەژمێردرێت، واتە ئەم بزاڤانە بەبێ خولقاندنی هیوا بە داهاتوو لە نێو جەماوەریی خەڵکدا، ئێجگار ئەستەمە بتوانن ڕۆحی لەخۆبوردەیی لە نێو ئەندامەکانیاندا بچێنو هێزو وزەی پێویست بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن کۆ بکەنەوە. (لەم وتارەدا ئەو پڕوپاگەندانەی کە بە مەبەستی پێکهێنانی ئەم هیوایە لای جەماوەر بەڕێوە دەچن، بە پڕوپاگەندەی هیوابەخش ناودێر کراوە).

بەڵام نابێ لە بیرمان بچێت کە هیوادار بوونی خەڵك بە داهاتوو هەمیشە پێکهێنەری بۆشگایەکە کە چاوەڕوانی سێبەری بە سەردا خستوەو جەماوەر دەخاتە دۆخی چاوەڕوانییەوە، کە ئەگەر چاوەڕوانییەکان وەدی نەیەنو ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی چاوەڕوانییەکاندا ڕووەو پێش بچن، بێهیوایی باڵ بە سەر جەماوەریی خەڵکدا دەکێشێت، بێ-هیواییەك کە ئەستەمە بکرێت لە زەینی ئەو نەوەیە بسڕێتەوەو شیمانەی ئەوەش دەکرێت کە بگوێزرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. بەم پێیە، چێکردنی هیوا پێویستە لە سەر بنەمای لێکدانەوەی وردو نزیك لە ڕاستی هاوکێشەکانو پێشبینی کردنی وردبینانەی داهاتوو بێت. ئەگینا بزاڤی شۆڕشگێڕانە توشی نوشستییەکی کارەساتبار دەبێت ئەگەر ئەو هیوایەی لە دڵی خەڵکدا چێ دەکرێت بنەمایەکی ڕاستینەی نەبێتو، دەرئەنجام ئەم هیوا بێئاستو سنوورە جێگای خۆی بدات بە بێهیواییەکی پەتیو ڕەها. لە چرکەساتی نەمانی هیوا بە داهاتوو دایە کە بزاڤی شۆڕشگێڕانە باوەڕو متمانەی خۆی لای جەماوەر لەدەست دەدات، دروشمەکانی بڕەوی خۆیان دەدۆڕێننو سەرئەنجام، یان بە تەواوی لەنێو دەچێت، یان ئەوەی کە بە ڕادەیەك لاوازو بێدەسەڵات دەبێت کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر کۆمەڵگەو چارەنووسەکەی نامێنێت.

بزاڤی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیی - دێمۆکراتیکی خۆرهەڵاتی کوردستانیش نەك تەنیا لەم تایبەتمەندییە بێبەری نەبووە، بەڵکوو، لەوانەیە بە هۆی زاڵیەتیی ئایدیۆلۆژیای مارکسیسمی ئەرتۆدۆکسی بە سەر بۆشگا(فەزا)ی سیاسیو ڕووناکبیریی کوردستاندا، تەنانەت لە ئاستێکی بەریندا کەڵکی لە پڕوپاگەندەی هیوابەخش وەرگرتوە. هەتا ئەو شوێنەی یادەوەریی لاوێکی ٢١ ساڵانی وەك من بڕ دەکاتو هەتا ئەو شوێنەش کە کتێبو وتارو دەقە مێژووییەکان پێمان دەڵێن، پارتە شۆڕشگێڕەکانی نوێنەری ئەم پارچەیە لە کوردستان، هەر لە سەرەتاوە، ئاسۆی بزاڤەکەیان لە ڕادەبەدەر ڕوون بینیوەو لە ئاستێکی بەرینیشدا پڕوپاگەندەیان بۆ کردوە. ئەم پارتانە لەو دەمەدا کە لە نێوخۆی خۆرهەڵاتی کوردستان ئامادەیی چەکدارانەیان هەبووە، هەمووکات بۆ ئەندامانی خۆیانو خەڵکی کوردستانیشیان دووپات کردۆتەوە کە دواڕۆژ ببینن، ئاسۆ ڕوونە، چاو لە سبەینێ بکەن، سبەینێ خۆر لای شاخی ڕزگارییەوە هەڵدێت، ئەوە نیە بزووتنەوەکەمان بەردەوام بەهێز دەبێتو ڕێژیمیش ڕووی لە لاوازیو بێدەسەڵاتی هێناوە، بە ڕاستی ڕێژیم تاکوو ئێستا بەم شێوەیە گوشاری لە سەر نەبووەو ئاوەها دەستەوەستان نەبووە. گەلۆ، خۆ ئەگەریش تەڤگەری کوردی نەی-توانیبێت خۆی ئەم هیوایە لە دڵی ئالیگرانی خۆیو بە گشتی خەڵکدا بچێنێت، ئەوا ڕووی لە گوشارە دەرەکییەکان هێناوەو بچووکترین گوشارە نێونەتەوەییەکانی تا ئاستێکی هەرە بەرز بۆ جەماوەری کوردستان گەورە کردۆتەوەو، بە قەیرانی ناودێر کردوون - هەرچەند لێرەشدا هەر پێم وایە ڕێژیمی ئیسلامی لە زۆر کاتی تەمەنیدا لە قەیراندا بووە، بەڵام مەبەست پڕوپاگەندە نادروستەکەو هەڵەیەکە لە پرسی لێکدانەوەو شیکاریی ئەو هەلومەرجەدا کە هەیە. شۆڕشگێڕانی کورد ئەوەندە ئەم وتانەیان دووپات کردۆتەوە کە ئەوە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی زەختێکی زۆری خستۆتە سەر ڕێژیم، کە هەنووکە خۆشیان ناچار بوون بەم شێوەیە ئەم ڕستانە بڵێنەوە کە، هەرچەند زۆرمان گوتوە بەڵام ئەمجارە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی (لە ئێستادا بە تایبەتی ئەمریکا) هەر زۆر زۆر بە ڕاستیانە. ئەمە لە کاتێك دایە کە ڕەوتی ڕووەوپێش چوونی ڕووداوەکان ڕاست پێچەوانەی ئەمانەمان پێ دەسەلمێنن. بە کورتی، گرتنەبەری پڕوپاگەندەی هیوابەخش لە ئاستێکی بەریندا، بەبێ لە بەرچاو گرتنی ڕاستییەکانی هاوکێشە سیاسییەکان، ئەو سیاسەتە بووە کە بە مەبەستی ڕاگرتنی ورەی ئەندامانو جەماوەر لە لایەن پارتەکانەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەفراندنی هیوایەکی ناڕاستەقینە بە داهاتوو لە زەینی جەماوەری خەڵکداو شاردنەوەو حەشاردانی هەموو لاوازیو کەموکوڕییەکان، کە لە ڕاستیدا هێمای بێهیواییەکی ڕاستینەن، شاردنەوەی ئەو دونیا کاولەی کوردی تێدایەو گیرۆدەکردنی شۆڕشگێڕانو جەماوەر بە نەخۆشینی بینینی ئاسۆ بە شێوەیەکی هەردەم ڕوونو گەشاوە. لێرەدا دەبێ ڕاشکاوانە قامك لە سەر ئەم خاڵە دابنێین کە، ئەم وتانە تەمەنێکیان بۆ بەکارهێنان نەماوەو بە تەواوی داڕزاون و لای خەڵکی بوون بە پەیڤو وتەگەلێکی (چیتر) پێکەنیناوی، کە وەك بنێشتە خۆشکە لە سەر زاری سیاسییە شۆڕشگێڕەکان بوون.

بەڵام پرسیار لێرە دایە کە ئەم سیاسەتە چەندە خزمەتی بە بزاڤی شۆڕشگێڕانەی کوردی خۆرهەڵات کردوە؟ هەر لە بنەمادا چێکردنی هیوایەکی ناڕاستەقینە بۆ جەماوەری خەڵك تا چ ماوەیەك دەتوانێ درێژەی هەبێت؟ خەڵکی بۆ وەك جاران باوەڕو متمانەیان بە پارتەکانو دروشمەکانیان نەماوە؟ داخوا ئەمە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەمانی متمانەی خەڵك بە پارتەکانیان نیە؟

ڕەنگە شۆڕشگێڕانی کورد بۆیە ئەوەندە دووپاتی دەکەنەوە کە ڕێژیم لە قەیران دایەو، لەم خاڵەشەوە بەم ئاکامە دەگەن کە بەم زووییانە بەرئاوەژوو دەبێتەوە، چونکە بێئاگان لەوەی کە، ڕێژیمە سەرەڕۆکان بۆ مانەوەی خۆیانو سەرکوتی توندئاژۆیانەی جیابیرانو دژبەرانیان هەردەم پێویستییان بە بوونی دوژمنێكو ئامادەیی هەڕەشەیەك لە سەر ڕێژیمەکەیان هەیە. قەیرانیش، بە تایبەتی لە ئاستی دەرەکیدا، ئەو بارودۆخەیان بەتەواوی بۆ دەڕەخسێنێت. هیچ ڕێژیمێکی سەرەڕۆ نیە کە بۆ مانەوەی خۆی کەڵك لە بوونی قەیران وەرنەگرێت، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتو تواناییشی هەبێت، خۆی لە هاوکێشەکاندا دەبێتە لایەنێکی هەردەم قەیرانخولقێن. هەر ڕێژیمی دیکتاتۆریی سیستماتیکی ئیسلامیی ئێران بە نموونە دێنمەوە کە هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنییەوە تاکوو ئێستا، بە دەگمەن ڕێ کەوتوە کە لە قەیراندا نەبووبێتو تەنانەت خۆی قەیرانی خولقاندوە، یاخود یەکێك لەو لایەنانە بووە کە هەوڵی داوە بارودۆخە قەیراناوییەکان بەردەوام هەبنو درێژتر ببنەوە. بارودۆخی قەیراناوی، لە ڕووگەی دیکتاتۆرو سەرەڕۆکانەوە، ئەو بارودۆخەیە کە سیاسەتی کۆنترۆڵێکی توندو سەرکوتکەرانە دەخوازێتو، بوار بۆ سەفسەتەکاری بە مەبەستی ڕەوایەتیدان بە نواندنی توندوتیژی بەرامبەر بە جیابیرانو نەیاران دەڕەخسێنێت. بەم پێیەش باشترینو لەبارترین بارودۆخە بۆ ئەوان، چونکە ئەفراندنی بۆشگایەکی پۆلیسیو ئەمنییەتی لە کۆمەڵگەدا بەلواو دەکات.

جگە لەوەی کە ئەم جۆرە شرۆڤەو شیکارییانە یان لە ڕووکاربینی شۆڕشگێڕانی کوردەوە سەرچاوەیان گرتووە، یان ئەوەی کە وەکی باشوورییەکان دەڵێن، هەوڵێکە تەنیاو تەنیا بە مەبەستی مەکیاژکردنی ماڵی خاپوورو تاریکی کورد دێتە ئارا - کە دەبێ لە وەڵامی ئەگەری دووەمدا بڵێین ماڵی کوردی خۆرهەڵات لەوە کاولتر بووە کە بکرێت بە مەکیاژکردنێکی ڕووکەشییانەی لەم چەشنە بشاردرێتەوە -، ئەزموونی چەند ساڵەی بزاڤی کوردی دەریخستوە کە ئەم سیاسەتە نەك تەنیا خزمەتی بە جووڵانەوەی کورد نەکردوە، یان ئەگەر کردبێتی تەنیا خزمەتێکی کورتماوە بووەو بەس، بەڵکوو لە درێژماوەدا زیانگەلێکی قەرەبوو نەکراوی پێ گەیاندوە. ئەم لە چاوەڕوانیدا هێشتنەوەی خەڵکە لە درێژماوەدا بووە بە هۆی بێهیوابوونی خەڵكو خەباتکارانێکی ئێجگار زۆر، کە ڕیزەکانی بزاڤەکەیان بەجێ هێشتوە، لە لایەکی دیکەشەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر داشکاندنی متمانەی پارتەکان لە لای خەڵکیو تەنانەت ئەندامانی خۆیان داناوە. ئەمەش خۆی زەبرێکی کارییە کە وەپەیکەری تەڤگەری شۆڕشگێڕانەی کورد کەوتووەو بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی بزاڤی کوردی لە خەڵك، لە کاتێکدا کە بزاڤی جەماوەری، ئەگەر دەخوازێت زیندوویيو شوێندانەریی خۆی ڕابگرێت، پێویستەو دەبێ لە نێو خەڵكو جەماوەری خۆیدا بێت. لە یەك ڕستەی کۆتاییدا، دوورکەوتنەوەی بزاڤێکی جەماوەری لە خەڵك بە مانای دۆڕاندنی تێکڕای خەونو ئارمانجەکانی گشتێتیی بزاڤەکە دێت.



پەیڤ

## ئێمە و هەژاریی سیاسیی

مادێح ئەحمەدی madehahmadi@gmail.com

کانالیزە کردنی وزە و تواناکان و یەکخستنیان لە پێناو ئامانج و ستراتیژییەکی تایبەت و پێناسەکراودا لە هەر کۆمەڵگا و بیاڤێکدا مێتۆد و میکانیزمی گونجاوی خۆی دەوێ. ئەمەش بەستراوەتەوە بەو لایەن و چینانەی کە لە کۆمەڵگادا چالاکن و ئاراستە بە دیسکۆرس و کولتوور و... دەدەن. واتە لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵێك بنەما پێك دێ و لە سەر ئەو بنەمایانە کۆمەڵگا خۆی پێناسە دەکا و چوارچێوەی دیاری دەکرێ. بەم پێیە تایبەتمەندییە سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و...ەکانی کۆمەڵگا ئاراستەکانی خۆیان و شێوە و گوتاریان دەردەخەن.

کۆمەڵگای کوردی ئێستاشی لەگەڵدا بێ کە لە سەدەی بیست و یەك داین و سەردەمی گۆلۆبالیزەیشێنە لە هیچ کام لە بوارەکاندا نەیتوانیوە بە گوێرەی پێویست خۆی لەگەڵ ئەو ڕەوتە جیهانییە ڕێك بخا و داهێنەر و قەیرانساز بێ. واتە بەردەوام لە جۆرێك هەژاری و لاوازیدا بە سەری بردوە و قەت نەهاتووە پێداچوونەوە و خوێندنەوە بۆ ئەم دۆخە بکا و ئەزموونی پێویست وەربگرێ.

ئەم دۆخە لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان خاوەن تایبەتمەندی و کەموکووڕی خۆیەتی و بە لەبەرچاو گرتنی ئەو تایبەتمەندی و کەموکووڕییانە دەبێ ڕاڤە بکرێ.

مەبەستی ئەم نووسینە کورتە جۆرێك ڕەخنەگرتن و بەرەوڕووی پرسیار کردنەوەی گوتاری سیاسیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بەرهەمی جۆرێك نەگۆراویی سیاسییە. ئەگەر سەیر بکەین حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێچەوانەی ئەو ژێستەی کە خۆیان بڕوایان پێیەتی و پێیان وایە هەر ئەوە ڕاستە لە هەژارییەکی قووڵی سیاسی، تیۆریك و ئیپستمیکیدا بە سەر دەبەن و قەت بۆ جارێکیش لە ئاست خۆیان سوور هەڵ نەگەڕاون و ئەو پرسیارانەیان لە خۆیان نەکردووە کە ئەو جۆرە لێڕوانین و گوتارە دەرئەنجامەکەی بە کوێ دەگا؟ خۆ شاردنەوە و خۆدزینەوە لە ڕەخنە و گازەندەکان چ قەیرانێکی بەدوادا دێ؟ تا کەی دەتوانن بەو چەشنە مانەوەی خۆیان گەرەنتی بکەن؟ و... ؟؟؟

ئەگەر چاو لە هەڵوێست، کۆنگرە و ئەدەبیات و شێوەی قسەکردنی چەند لایەنێکی بەناو سیاسی و حیزبی دەکەی ئەوکات قوڵایی تراژیکیان دەردەکەوێ و ئەو ناسیاسی بوون و هەژارییە لە ڕادەبەدەرە لەو پەڕی خۆیدا دەبینی. لێرەوەیە چاو لێ دەکەی ئەوەندەی دوان و هەوڵەکان دژی لایەنەکانی دیکە و سڕینەوەیان دەدرێ یەك ئەوەندە دژی داگیرکەر (کۆماری ئیسلامی) نادرێ و وایان داناوە کە سەرەتا دژی لایەنەکانی دیکە تێ بکۆشن و پاش ئەوان گەر مەجالێك مایەوە بیرێك لە دوژمن بکەنەوە.

ئەمە لە ڕاستیدا تایبەتمەندی ئەو لایەنانەیە کە ناتوانن بە گوێرەی پێویست لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە خۆیان پێناسە بکەن و بڕواننە کۆمەڵگا. واتە جۆرێك لاوازی و هەژاریی سیاسی بەتەواو مانا ڕووی تێکردوون و وزە و تواناکانی لە پێناو ململانێیەکی ناشیرینی نێوان حیزبی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە کە بەرژەوەندییەکی تێدا نیە. ئەمەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەوەی کە سیاسەت لە کوردستاندا خاوەن هیچ پێناسەیەك نیە و لە بنەمادا لە سیاسەت تێ نەگەیشتوون، بۆیە نابینە خاوەن گوتارێکی یەکگرتوو بەپلان و بەردەوام لە وەهم و هەژاریدا دەژین.

# فەلسەفەی سیاسی چیە؟

رامین جەهانبەگلو
بەشی سێهەم و کۆتایی
و. بۆ کوردی: ئامانج

قۆناخی سێهەمی مۆدێرنیتەی سیاسی بە مارکس و نیچە دەست پێدەکا. تایبەتمەندیی ئەم قۆناخە دژایەتی لەگەڵ فەلسەفەی سیاسیی هێگل و میتافیزیکی زەینیەتە. مارکس و نیچە بە خستنە بەردەم پرسیاری مێژووی میتافیزیکی رۆژئاواو بە تایبەت مێژووی زەینییەتی بنەواشەکانی فەلسەفەی مۆدێرنی دەخەنە ژێر پرسیار. لە روانگەی مارکسەوە وڵامدانەوەی پرسیارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دیکە ئەرکی فەلسەفەی سیاسیی مودێرن نیە، چونکە بە وتەی ئەو ئەمە پراکسیسی شۆڕشگێڕانەیە کە دیاریکەریی فۆرمی سیاسیی داهاتوویە و پێوەندیی ئابووری و سیاسی نێوان هاووڵاتییانی دیاری دەکا. مارکس سیاسەت لە پانتایی فەلسەفە دەباتە دەرەوە، چونکە بە بۆچوونی ئەو فەلسەفە ئیتر توانای بیرکردنەوە سەبارەت بە سیاسەتی نیە. مارکس بە خستنە ژێر پرسیاری جەستەی سیاسیی فەلسەفەی هێگل ئازادیی مێژوویی سەرلەنوێ لە سەر بنەمای تەواوەتێکی شۆڕشگێڕانە پێناسە دەکا. بەم چەشنە مارکس" ژیاناسیی شۆڕشگێڕانە" لە جیاتی دیاردەناسیی سیاسیی هێگل دادەنێ. نیچە بە نۆرەی خۆی بە خستنە ژێر پرسیاری مێژووی فەلسەفەی رۆژئاوا (کە خاڵی دەسپێکی ئەو ئایدیالیسمی ئەفلاتوونی و کۆتایی ئەو ئایدیالیسمی هێگلییە) فەلسەفەی سیاسیی مودێرن تووشی قەیران دەکا. ئەو بە رەخنەگرتن لە بەها مەسیحییەکان و بەها سیاسییەکانی کۆمەڵگەی بورژوایی مودێرن شێوازێکی بابەتی و هەمیشەیی نوێ دا دەگەڕێ بۆ مرۆڤ کە لە چەمکی کلیدی" ویستی چەماوە بە لای هێزدا" دەردەکەوێ. بەم چەشنە نیچە هەوڵ دەدا تاوەکوو لە مرۆڤی دێموکراتیکی مودێرن تێپەڕێ و بە مرۆڤێکی نوێی خاوەن بەهاگەلی فەلسەفی و سیاسیی نوێ بگا. تێپەڕینی نیچە لەو شتەی کە ئەو "پووکانەوەی مرۆڤایەتی"ی پێ دەڵێ بە واتای رەتکردنەوەی جەوهەری مرۆیی نیە بەڵکوو بە واتای کامڵ کردنی ئەوە. نیچە بە شوێن رێنسانسێکی نوێوەیە کە رەخنەگرتنی رەها لە بایەخ و بەهاکانی لەگەڵ دایە. رەخنەی رهای بەهاکان بە واتای رەخنەگرتن و تێپەڕین لە هێزە لاوازکەرو رووخێنەرەکانی مرۆڤە. بە واتایەکی دیکە، لە روانگەی نیچەوە خەباتی سیاسیی شەڕێکی ناوەکییە کە لە نێوان دوو روانینی ئاکاریدا لە هەناوی مرۆڤدا روو دەدا. هەر بۆیە، دەتوانین بڵێین بە هۆی نیچەوە فەلسەفەی سیاسی دەبێتە رەچەڵەکناسیی ئاکاری.

بە رەخنەی نیچەیی و مارکس فەلسەفەی سیاسیی مودێرن رێگا بۆ قۆناخی چوارەمی مودێرنیتەی سیاسی دەکرێتەوە. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناخە رووبەڕوو بوونەوەی فیلسوفە سیاسییەکان لەگەڵ پەرەگرتنی ئاوەز ئامرازی ( عقل ابزاری ) و راستیی تۆتالیتێری سەدەی بیستەمە. لەم قۆناخەدا ئێمە لەگەڵ سێ رێبازی سەرەکی و دژواز لە بواری فەلسەفەی سیاسیدا بەرەڕوو دەبین: یەکەم رەخنەی فەلسەفەی سیاسیی مودێرنە کە بە دوای رەخنەی هایدگەری لە مێژووی میتافیزیکدا سەر هەڵ دەدا.

دووەم، رەخنەی ئارێنت لە سیاسەتی مودێرن و دۆزرانەوەی دووبارەی کرداری سیاسی و سێیەم، رەخنەی پۆست مودێرن لە فەلسەفەی رۆشنگەری و سیاسەتی مودێرنە کە قەیرانی سووژەی میتافیزیکی و پووکانەوەی هۆکاری سیاسیی و مودێرنی لێ دەکەوێتەوە.

بە کورتی، لە فەلسەفەی سیاسیی پۆست مودێرندا سێ تەوەری سەرەکیی هزری هەیە کە لە بەرهەمەکانی فوکو، بودریار واتیمۆدا دەبینرێن. میشل فوکو فەلسەفەی سیاسی دەخاتە چوارچێوەی ئەو شتەی کە ئەو "میکرۆفیزیکی دەسەڵات". لە کاتێکدا کە ژان بودریار بڕوای بە پووکانەوەی بکەری سیاسی و کۆتایی فەلسەفەی سیاسی هەیە. واتیمۆیش بە نۆرەی خۆی لەو بڕوایە دایە کە لە سەردەمی پۆست مێژوودا (کە ئێمەی تێدایین) ئێمە لەگەڵ قەیرانی چەمکە سەرەکی و بنچینەییەکانی گێڕانەوەی مودێرنی دەوڵەت بەرەوڕووین. بەم چەشنە، ئەزموونە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کورت ماوەکان جێگای گێڕانەوەی مێژوویی و سیاسییە درێژماوەکان دەگرنەوە.

بەڵام باسی سەرەکی سەبارەت بە زیندووکردنەوەی فەلسەفەی سیاسی لە نێوان لیوشتراوس و هانا ئارێنتدا دێتە گۆڕێ. لیوشتراوس دوابەدوای هایدگەرو نیچە لەو بڕوایە دایە رۆژئاوا لەگەڵ قەیرانێکی مەعنەویی قووڵ دەستەویەخەیە. بەڵام ئەو بە پێچەوانەی نیچەو هایدگەر ریشەکانی ئەو نیهیلیسمە لە تێپەڕبوونی فەلسەفەی سیاسی کلاسیک بۆ فەلسەفەی سیاسی مودێرندا دەبینێ. لە لای ستراوس خاوەنی دوو رووکارە: رووکارێکی کلاسیک و رووکارێکی مودێرن. جیاوازی نێوان ئەم دوو رووکارە لە سەر بنەمای چەمکی "سروشت" هەڵ کەوتووە. لە روانگەی ستراوسەوە فەلسەفەی سیاسیی کلاسیک "سروشت" وەك بابەتێکی بێکۆتایی لەبەرچاو دەگرێ کە دیاریکەری تەکوزییەکی گەردوونییە.

هەر بەم هۆیە لە لای کلاسیکەکان وتەزای "مافی سروشتی" لە هەناوی پێکهاتەی ژیانێکی هاوبەشدا دێتە گۆڕێ. کلاسیکەکان "ژیانی هاوبەش" دەخاتە سەر بنەمای کۆتایی (لوتکە) یان tegos. کەواتە دەتوانین بڵێین فەلسەفەی سیاسیی کلاسیك هزرێکی کۆتاییگەرایە. بە وتەی ستراوس بابەتی سەرەکیی فەلسەفەی سیاسی کلاسیك هێنانە گۆڕی ئەم پرسیارەیە کە: "باشترین سیستمی سیاسی هەیە؟".

ستراوس لەو بڕوایە دایە کە ناکرێ لە چوارچێوەی روانینێکی مێژووییگەرادا وڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. رەخنەی ستراوس لە فەلسەفەی سیاسیی مودێرن پێوەندیی بە جەوهەری مێژوویی گەرایانەی ئەوەوە هەیە. وەك ئەو دەڵێ، جەوهەری مێژووییگەرای فەلسەفەی سیاسیی مودێرن، بابەتی "راستینە"و بابەتی "ئارمانج" (واتە ئەوەی دەبێ هەبێ و ئەوەی کە هەیە) تێکەڵ دەکا. ماکیاول یەکەمین بیرمەندی مودێرنە کە بە مەبەستی دانانی پێکهاتەی فەلسەفەی سیاسیی مودێرن بیرۆکەی تەکووزیی سروشتی و چینبەندی کراوی یۆنانی کەونار دەخاتە بەر پرسیارو لەم پێوەندییەدا مێژوو بە نێوبژیوانی نێوان "ئەو شتەی کە هەیە"و "ئەو شتەی کە دەبێ هەبێ" لە قەڵەم دەدا. بە واتایەکی دیکە ستراوس گرفتی گەورەی فەلسەفەی سیاسیی مودێرن لەوەدا دەبینێ کە مودێرنەکان لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتداریی تاکێك (ماکیاولی) یان کۆیەك (رۆسۆ)دا چاو لە بابەتی "باشترین سیستمی سیاسی" دەگرن و رەخنە لە "تەکووزیی سروشتی بەرهەست" دەگرن. یەکێك لە پرسە گرنگەکانی لیۆ ستراوس شێوازی خوێندنەوەی مودێرنەکان لە دەقە کلاسیکەکانە. ئەو لەو بڕوایە دایە کە چونکە فەلسەفەی سیاسیی کلاسیک (واتە ئەفلاتون، ئەرەستووو فەلسەفەی سەدەکانی نێوەڕاست) مێژووییگەرا نین، کەواتە ناتوانین لە رێگەی توێژینەوەیەکی مێژووییەوە بە حەقیقەتی دەقەکانی فەلسەفەی سیاسیی کلاسیك بگەین. بە واتایەکی دیکە دەبێ بۆ تێگەیشتن لە دەقە کلاسیکەکان لە پێناوی تێگەیشتن لە "حەقیقەت" هەوڵ بدەین. کارێکی ئەوتۆ کاتێك کردەییە کە تەنیا سەرنج نەدرێتە دەقەکە بەڵکوو سەرنج بدرێتە ئەو دیاردانەی کە دەقەکە ئێمە بەرەو ئەوان رێنوێنی دەکا. هەر بۆیە، ستراوس بڕوای بە "هونەری خوێندنەوە لە نێوان دێڕەکان"ە، چونکە پێی وابوو فیلسوفە سیاسییە کلاسیکەکان بۆ دوو چەشن خوێنەریان دەنووسی: جۆرێك خوێنەری گشتی و جۆرێك خوێنەری تایبەت. ئەو شتەی کە بۆ هەموان نووسراوە روون و ئاشکرایە، بەڵام ئەو شتەی بۆ دەستەبژێرەکان نووسراوە، ئاوێتە بە رازو نهێنییە. هەر وەك دەبینین، نەریتی ستراوسیی فەلسەفەی سیاسی، گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی سیاسی کلاسیکە. ئەم نەریتە کە لە زانکۆی شیکاگۆ دروست بوو، دواتر بە هۆی قوتابییانی ستراوس و بە تایبەت ئالەن بلوم ـ ەوە درێژەی پێ درا.



نەریتێکی دیکە کە لە ٣٠ ساڵی رابردوودا باندۆرێکی دیاری لە سەر پێکهاتەی فەلسەفەی سیاسیی مودێرن هەبووە، لە هزری ئارێنتدا خۆی دەردەخا. هەر چەند کە ئارێنت بۆ خۆی وشەی "تیۆریی سیاسیی" لە جیاتی "فەلسەفەی سیاسی" بە کار دێنێ لە کتێبی "نەریتی شاراوە"دا بە روونی ئاماژە بەم پرسە دەکا کە "پێوندی بە کۆڕی فیلسوفانەوە نیە"، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەوری ئەو لە قەوارە بەخشین بە فەلسەفەیەکی سیاسیی دیموکراتیکی نوێدا لە رۆژئاوا گرنگ بووە.

هەرچەند کە هانا ئارێنت لەگەڵ پۆلینبەندی ستراوسی نێوان فەلسەفەی سیاسیی کلاسیك و فەلسەفەی سیاسیی مودێرندا هاوڕا نیە، بەڵام ئەو بۆ خۆی یەکێك لە رەخنەگرانی سەرسەختی مودێرنیتەیە. ئارێنت لە و بڕوایە دایە کە ئێمە لە سەردەمی مودێرندا تووشی دوو جۆرە نامۆیی بووین: لە لایەك نامۆیی لە جیهان و لە لایەکی دیکە نامۆیی لە گۆی زەوی. ئەم نامۆییە دووانەییە هۆکارەکەی دابڕانێکە کە لەگەڵ رابردوی ئێمەدا رووی داوە. بەڵام ئارێنت بە وشیاریی تەواو سەبارەت بەو دابڕانە هەوڵ دەدا تاوەکوو پێوەندییەکی نوێ لە نێوان مرۆڤە مۆدێرنەکان و میراتی فەلسەفیی رابردوودا دروست بکا. ئەو ئەم پێوەندییە لە کاری " بیرکردنەوە" دا دەبینێ. هزر لە لای ئارێنت بەواتای هێنانە گۆڕی پرسیارێکە سەبارەت بە چیەتیی سیاسەت و چۆنیەتیی ژیانی سیاسیی مرۆڤەکان. بە وتەی ئارێنت لە سەردەمی ئێمەدا پێوەندیی "هزر" و" رووداو" پچڕاوە و ئەرکی فیلسوف و بیرمەند بیرکردنەوەی دووبارە سەبارەت بە رووداوەکانە. بیرکردنەوە سەبارەت بە رووداوەکان بە واتای دانانی تەوەرگەلی فکرییە بە مەبەستی رێکخستنی واتای سیاسەت. لە بەر ئەوەی سیاسەت جیهانیی هاوبەشە کە مرۆڤەکان لێك تەریك دەکاتەوە، کەواتە دەتوانین سیاسەت وەك فەزایەك چاو لێ بکەین کە واتا بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ دەبەخشێ. لە روانگەی ئارێنتەوە سیاسەت تەنیا فەزایەکە کە مرۆڤەکان دەتوانن لەودا ئازادیی خۆیان وەدەست بێنن. ئەم فرەییە مەرجی پێویستی " گوتار" و" کردار" ی مرۆییە. بە بۆچوونی ئارێنت " کردار" بەردەوام سەرەتایەکی نوێیە و ئەم دەست پێ کردنە نوێیەیە کە رێگە بە ئێمە دەدا ئازاد بین. ئارێنت دوو پرسی، ئازادی و کرداری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ دوو پرسیاردا دێنێتە گۆڕێ. یەکەم ئەوە کە، چۆن دەتوانین دوای ئەزموون کردنی رێژیمە توتالیتێرەکان دەربارەی سیاسەت بیر بکەینەوە؟ و دووهەم، چۆن و بۆ لە جیهانی ئێستادا فەزای تایبەتی بە سەر فەزای گشتیدا زاڵ بووە؟ لە روانگەی ئارێنتەوە، وڵامدانەوە بەم دوو پرسیارە لە شێوەی بیرکردنەوە و داوەری کردنی دەربارەی رووداوە مێژووییەکاندا کورت دەبێتەوە. بە وتەی ئەو، بیرکردنەوە واتە گەڕان بە دوای واتا داو هێنانە گۆڕی پرسیار سەبارت بە جیهانی هاوبەشی مرۆڤەکان. بۆیە بە هێنانە گۆڕی پرسیار و داوەری دروست مرۆڤەکان دەتوانن سەبارەت بە بابەتی" خراپە"( کە هەڕەشە لە سیاسەتی جیهانی ئەمڕۆ دەکا) بەرپرسانە بیرو کار بکەن. لە لای ئارێنت تەنیا رێگای خەبات لەگەڵ " خراپە" و ئەو بێ هیواییەی کە لە بواری سیاسەتدا پێکی دێنێ، سەرلەنوێ بیرکردنەوە (سەبارەت بە) سیاسەتە. سەرلەنوێ بیرکردنەوە واتە توانای هێنانە گۆڕی پرسیار لە بەرانبەر ئەو رووداوە سیاسییانەدا کە ئێمە بەرەو پرسیارکردن پاڵ پێوە دەنێن.

کەواتە لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە "فەلسەفەی سیاسی چیە؟" دەتوانین بڵێین: فەلسەفەی سیاسی سیاسەتێکی بیر لێکراوەیە، واتە ئەو کاتەی کە سیاسەت بۆ خۆی دەبێتە چەمکێکی فەلسەفی. بەم چەشنە، فیلسوفی سیاسی بە هێنانە گۆڕی چەمکی حەقیقیی سیاسەت دەتوانێ بگاتە حەقیقەتی سیاسەت، چونکە فەلسەفەی سیاسی شتێك نیە بێجگە لە سیاسەتێکی فەلسەفی.

پەراوێزەکان

1. polis 2. phusis 3. zoon politikon 4. prattein 5. isegoria 6. isonomia 7. doxei 8. eidei 9. cite de dieu 10. cite de homwes 11. civitas 12. artefactum 13. potestas 14. auctoritas 15. theologico-politigue 16. holistic 17. jean blodin 18. volonte generale 19. sittlichkeit

# چیرۆکی حیجابی زۆرەملی لە ئێران و یەکەم هەنگاوەکان

## نە بە فرێدانی حیجاب ژنان مۆدێرن دەبن، نە حیجابیش نیشانەی جوانیو بەرز بوونی کەسایەتیی ژن دەگەیەنێ

کوێستان فتووحی



حیجاب چۆن بوو بە زۆرە ملیو بەسەر ژناندا داسەپا ؟ وڵامی ئەو پرسیارە زۆر جار تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی لە نزیکیشەوە شاهیدی رووداوی شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بوون، زۆر روونو تەواو نیە.

دوای ئەوەی محەممەد رەزا شا ئێرانی بەجێ هێشت رۆژنامەی "کیهان" وتووێژێکی لەگەڵ ئایەتوڵلا مونتەزیری کرد کە تازە لە زیندانی شا ئازاد ببووە لەوێدا لێیان پرسیبوو حەتمەن ژنانو کچان دەبێ چارشێو بەسەردا بدەن؟ لە وڵامدا وتبووی: ئەسڵەن حیجابی ئیسلامی بە مانای داپۆشراویی ژن بە چارشێوو تەریک کەوتنەوەی ئەو نیە لە کۆمەڵدا، ئامانجەکە ئەوەیە ژن لە کۆمەڵدا رووت نەبێ بۆ ئەوە نەبێتە هۆی هەوەسرانی پیاوان! ئێستا شۆرش بە تەواوی سەرنەکەوتبوو بەردەوام ژنانی بێچارشێو دەکەوتنە بەر هێرشو قسەی سووکی لاوانی بەناو شۆرشگێری مەزهەبی. تەنانەت زۆرجار لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا ئەو ژنانەی رووسەرییان بەسەرەوە نەبوو دەکەوتنە بەر سووکایەتیو قسەی ناشیرینی پیاوان. ژنێك دەگێرێتەوە دەڵێ ئەو رۆژانە هەموو پێمان خۆش بوو لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداری بکەینو شەریکی سەرکوتی ئیستبداد بین، جارێك بە عەلاقەیەکی زۆرەوە چوومە نێو ریزی خۆپیشاندەرانو لەگەڵیان هاودەنگ بووم، بەڵام بە سەرسووڕمانەوە دەستەیەك بەرەورووم هاتنو بە بیانووی ئەوەی کە چارشێوم بەسەرەوە نیە لە ریزی خۆپێشاندران دەریان کردم.

بەڵام نوقتەی دەست پێکردنی چیرۆکی حیجابی زۆرە ملی لە سوخەنرانییەکەی خومەینی لە ١٦ی رەشەممەی ٥٧دایە کە وتی "ژنان بچنە سەر کار بەڵام بە حیجابەوە بچن".

***

هەر لەو ساڵانەدا، پیاوێکی ژاپۆنی لەگەڵ هاوسەرەکەی بە سەفەر دەچنە ئێرانو روو لە ریستۆرانێك دەکەن لەوێ خزمەتکارەکان بەپەلە رووسەرییەك بۆ ژنەکە دێنن بیدا بەسەریدا مێردەکەشی کە ئەمە دەبینێ داوا دەکا ئەگەر رووسەری دیکەیان هەیە یەك دانەیتریان بۆ بێنن، ئەوانیش کە رووسەری زۆریان لەلایە هەر بۆ ئەو کەسانەی روو لە رێستورانەکەیان دەکەنو بێخەبەرن لەو شۆرشەی چی بەدیاری هێناوە بۆ ژنان! رووسەرییەکی دیکەش دێننو دەیدەنە دەست پیاوەکە، ئەویش بەسەرخۆیدا دەدا، خەڵکەکە زۆریان پێسەیر دەبێ ئەم پیاوە بۆ رووسەری دەدا بەسەریا؟! خزمەتکارەکانی رێستۆران تێی دەگەیەنن کە ئەمە بۆ پیاوان نیە، تەنیا بۆ ژنانە! پیاوە ژاپۆنییەکەش لەمە تێ گەیشتبوو، بەڵام پێی وتبوون ئاخەر هاوسەرەکەم ناچاردەکرێ کارێك بکات بەپێچەوانەی خواستی خۆی، ئەمەش بۆ ئەو ناخۆشە، بۆیە منیش دەمەوێ لەم ناخۆشییەدا هاورێیەتی هاوسەرەکەم بکەم.

بەڵێ ئەمە پیاوێکی ژاپۆنییە ئەگەر ناتوانێ دژایەتی لەگەڵ ئەو بڕیارە بکا، بەڵام خۆ دەتوانێ لەم کارە ناچارییەدا هاوڕێیەتی هاوسەرەکەی بکا.

بەڵام با بزانین پیاوی ئێرانی کە خۆیان زۆر بە رۆشنبیر دەزانن چۆن تەکلیفی خۆیان لەگەڵ ژنانی وڵاتەکەیان روون کردۆتەوە؟!

لەم رۆژانەدا کە گوڵشیفتەی فەراهانی ئەکتەری بەتوانای سینەمای ئێران بارگەوبنەی پێچایەوەو ئێرانی بەجێ هێشت. خەڵکانێك هەبوون بەداخبوون لەوەی کە ئەم خانمە بەتوانایە سینەما ئەم وڵاتەی بەجێهێشتو کەلێنێکی خستە هونەری سینەمای ئێرانەوە. بەهەرحاڵ رۆیشتنی گولشیفتە بۆ هێندێك لە لایەنگرانی سینەمای ئێران ناخۆش بوو، بەڵام ئەوندەی هەڵلاو هەنگامە لێ نەکەوتەوە، چونکە هەر کەس کەمتاکورتێك ئاگای لە هەلومەرجی ژنان لە ئێران بێ تێدەگا و دەزانێ ئەم ئەکتەرە بۆچی ئێرانی بەجێ هێشت. هەڵلا و هەنگامەکە لە سەر جلوبەرگەکەی گوڵشیفتە بوو کە حەقی بێئەملا و ئەولای هەر کەسێکە جۆری لیباس لەبەرکردنی خۆی هەڵبژێرێ، کە ئەمە لە وڵاتی ئێراندا لە ژنان سەنراوەتەوە، ژنان حەقیان نیە بە بێ حیجاب بێنە دەرەوە، تەنانەت رەنگی جلوبەرگەکانیشیان زۆر جار کێشەیان بۆ دروست دەکا.



گوڵشیفتە ئیتر دەیزانی هیچ ناچار نیە بە جلوبەرگێکەوە دەرکەوێ کە هەمیشە وەك تۆقێك وایە بۆ ژنانی ئێران، بۆیە لە دەرەوەی ئێران بەبی حیجاب دەرکەوتو وێنەکەی بڵاو بۆوە. ئەمە بوو بە قسە و باسی نێو هێندێك لە وێبلاگە فارسییەکان کە ئەمڕۆ وێبلاگ لە ئێراندا کاری راگەیەنەکانە ئازادەکان بەڕێوە دەبا. زۆر پیاوی بەناو رووناکبیری ئێرانی، کە بە قسەی ئەوان گوڵشیفتە بە حیجابەوە سەرنجراکێشتر!! بوو بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر سادەترین حەقی هەر ئینسانێك بەم شێوەیە دەربڕی!

"بەداخم بۆ خانمی فەراهانی! خانمی فەراهانی شەقی لە فەرهەنگی ئەسیلی! ئێرانی هەڵدا. خانمی فەراهانی نەدەبوو پردی پشتی سەری برووخێنێ! فەراهانی بۆ ئەوە ئێرانی بەجێ هێشت کە ئاوا خۆی رووت بکاتەوە!

لێتان تێك نەچێ ئەمە قسەی دەسەڵاتدارانی دژی ژنی ئێران نیە، کە ٣٠ ساڵە هەر رۆژە حوکمو گەلاڵەیەکی کۆنەپەرستانە لە دژی ژنانی ئەم وڵاتە پەسند دەکەن، بەڵکوو قسەی کۆمەڵێك پیاوە کە خۆیان بە رووناکبیری وڵاتی ئاریایی دەزانن کە رۆژانە بە ناو دنیای مۆدێرنی ئینترنێتدا دەگەڕێنو باس لە ئازادیو حکوومەتی سیکۆلارو فەرهەنگی پێشکەوتوو دەکەن.

هێندێك کەس هەن دەیانەوێ بە ناوی دینو کولتووری نەتەوەو وڵاتەکەیان هەمیشە ژنان بدەنە بەر پەلامارو رەخنە لە هەر هەنگاوێکیان بگرن. ئایا ئەمە هاودەنگ بوون نیە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران؟

بەڕاستی بیروبۆچوونی ئەو وێبلاگنووسانە زیاتر دەستی مەئموورەکانی "امر بە معروف، نهی از منکر" ئاوەڵا ناکات تا زیاتر فشارو زەخت بخرێتە سەر گوڵشیفتەکانی ئێران؟

٣٠ ساڵە مەسەلەی حیجاب لە ئێراندا بۆتە مەسەلەیەکی گرنگو ئەگەر ژنانی پێ سەرکوت کراوە، گرفتارییەکی زۆریشی بۆ رێژیمی ئێران دروست کردوە. نیوسەدە پیش ئێستا حاکمانی پاشایەتی ئێران هاتن بە زۆر حیجابیان لەسەر ژنان لابرد، بۆ ئەوەی بە قەولی خۆیان ژنانی ئێرانی پێشکەوتوو و مۆدێرن! دیار بن. ئاخوندەکانیش هاتن حیجابیان زۆرەملی کرد نا ئاگا لەوەی نە بە فرێدانی حیجاب ژنان مۆدێرن دەبن، نە حیجابیش نیشانەی جوانیو بەرز بوونی کەسایەتیی ژن دەگەیەنێ. لە مێژووی ژنانی ئێراندا هیچکات بە قەت ئەو چەند ساڵەی دەسەڵاتی رێژیمی ئیسلامی، ژنان سووکایەتییان پێنەکراوەو کۆسپیان نەهاتۆتەسەر رێ، بەڵام سەرڕای هەموو ئەو کۆسپو رێگرییانەی لە لایەن سیستەمەوە بۆیان پێش هاتوە، ژنانی ئێران رێگەی خۆیان دیوەتەوە. هەر لە سەرەتاکانی بەدەسەڵات گەیشتنی ئەم دەسەڵاتە رەشەوە خەباتو بەربەرەکانی لەگەڵ ستەمو جیاوازییەکانیان دەست پێکردوەو هەر درێژەی هەیە. ئەوەتا دنیا شاهیدی گۆڕانی نەخشی ژنانی ئێرانە بۆ ژنانێکی چالاكو کاریگەر لە بواری کۆمەڵایەتی، خوێندن، نووسینو ئەدەبیاتو زۆر بواری دیکە. هۆکاری ئەو بەرەوپێش چوونو پێشکەوتنەی ژنان لەو بوارانەدا، خەباتی بێوچانە. زۆر ئاگایانە خەباتەکەیان بەرەوپێش دەبەن، بۆیە لە رێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵەکانی ئەم سیستمە پووچەڵ دەکەنەوە. هیوادارم پیاوانیش لەو خەباتەدا، ئەگەر وەك پیاوە ژاپۆنییەکە نابنە هاورێیەکی باشی ژنان، نەبنە کۆسپی سەر رێگاشیان.

هەردوو وێنەکە گوڵشیفتەی فەراهانییە

## سۆرنە

# نەکەی بە تاوانی بنووسی!

عەلی بداغی

"گوڵشیفتە فەراهانیش رۆیشت." ئەو هەواڵە وەك بۆمب لە ئێراندا تەقییەوە و زۆر هەڵوێستی لێك جیاوازی بە دوادا هات. ئەوانەی خەمی نیشتمان و سینەمای ئێران دەخۆن، هەناسەی حەسرەتیان بۆ هەڵ کێشا، ئەوانەی ئێرانیان لێ بۆتە دۆزەخ و دەروویەك بۆ رزگار بوون شك نابەن، گوتیان خۆزگەم بە خۆی رزگاری بوو، ئەوانەش کە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتدارێتیی رێژیمی ئیسلامیدا و لە سەر حیسابی خەڵکانی ئێران دەخۆن و دەنوون و گیرفانە هەرگیز لە پڕ نەهاتووەکانیان دەئاخنن و تەنیاو تەنیا بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانیان بۆ گرینگە، گوتیان ملی شکا، بەغدا نیوەی رێگەی بێ، باش بوو رۆیشت.

گوڵشیفتە رۆیشت، ئەوە دەتوانێ خەسارێك بۆ هونەری سینەمای ئێران و دەسکەوتێکیش بۆ هالیوود بێ، بەڵام کەم کەس پرسییان کە گوڵشیفتە بۆ رۆیشت؟ بۆ؟ گوڵشیفتە فەراهانی ئەکتەری سەرکەوتوو و جوانخاسی سینەمای ئێران تەنیا یەکێك لەو ١٥٠هەزار کۆچبەرە لاوەیە کە ساڵانە ئێران جێ دەهێڵن و لە گەڵ خۆیان سەرمایەی زانستی، ئەدەبی، هونەری و ئابووریی وڵاتەکەیان هەڵ دەگرن و لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بە عەرزی دا دەدەن. ئەمڕۆکە دیاردەی کۆچکردنی سەرمایە هونەری، ئەدەبی، زانستی و ئابوورییەکانی وڵات کە بە راکردنی مێشکەکان ناوی دەرکردوە، خەسارێکی هەرە گەورەیە کە لە سایەی بێ وڵامی و بێ کفایەتی بەرێوەبەرانی وڵاتەوە بەرۆکی کۆمەڵگای ئێرانی گرتوە. سندووقی نێونەتەوەیی دراو لە ئاماری ساڵی ٢٠٠٧ی خۆیدا باس لەوە دەکا کە ساڵانە ١٥٠ تا ١٨٠هەزار ئیرانیی خوێندەواری زانکۆدیتوو هەوڵ بۆ پەنابەری لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەدەن. ئێران لە نێوان ٩١ وڵاتی روو لە گەشەیان گەشە نەسەندوو دا پلەی یەکەمی لە راکردنی مێشکەکانیدا هەیە و زیانە ماددییەکانی ئەم راکردنی سەرمایە زانستییەکانی وڵات بۆ هەندەران لە ساڵدا بە ٥٠ میلیارد دۆلار مەزەندە دەکرێ. حەوتوو نامەی سازمانی مودیرییەت و پلانڕێژیی وڵات نووسیویەتی کە ٩٠ کەس لە ١٢٥ قوتابیی سەرکەوتوو کە لە سێ ساڵی ڕابردوودا کە لە ئۆلەمپیادە جیهانییەکاندا پلەی بەرزیان هێناوەتەوە، ئێستا لە زانکۆکانی ئەمریکادا خەریکی خوێندن و لێکۆڵینەوەن و زۆربەی نیزیك بە تەواوی ئەوانیش قەت بۆ ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی ناگەڕێنەوە. مێژووی راکردنی مێشکەکان لە ئێراندا ئەوەندە دوور نیە، خومەینی لە یەکەمین هەنگاوەکانی دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران و لە کاتی بە ناو شۆرشی فەرهەنگیدا بەم جۆرە لە بەرامبەر دەسپێکی راکردنی مێشکەکان لە ئێراندا هەڵوێست دەگرێ و هێڵ و رێباز بۆ قوتابی و بەرێوەبەرانی وڵاتەکەی دیاری دەکا: "مونافقین یەکبین دەڵێن مێشکەکان خەریکن رادەکەن.بە جەهەننەم کە رادەکەن، ئەوانە کە زانکۆیان تەواو کردوە ئەوانە کە قسە و سەری زار و بنی زاریان باسی زانست و شارستانییەتی رۆژئاوایە، لێیان گەڕێن با برۆن، ئێمە ئەو زانستە و پێشکەوتنە و ئەو شارستانییەتەمان ناوێ. ئەگەر ئێوەش پێتان وایە کە لێرە جێتان نابێتەوە فەرموون بار بکەن، بەغدا نیوەی رێگاتان بێ، کەس پێشی پێ نەگرتوون."

هۆکارەکان بۆ ئەم ویستە ئارمانییە، واتە دەرباز بوون لەم دۆخە دژوارەی ئێران و پەنابردن بۆ هەندەران روون و ئاشکران. ئێران وڵاتێکی لە دواکەوتوویدا راگیراو و گەشە نەسەندوویە، داهاتی سەرانەی وڵات زۆر نزم و ئاستی حەقدەستەکان لە خوارێ و لێشاوی بێکاری وڵاتی داگیر کردوە، ئازادییە تاکەکەسییەکان ئازادییە کلتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەو وڵاتە دا هیچ بۆن و بەرامە و مانایەکیان نیە، خوێندکار، مامۆستای زانکۆ،سەرمایەکانی زانست و داهێنان و پێشکەوتن رێز و بایەخ و حورمەتیان ناگیرێ، بژاردەکانی کۆمەڵگا، خوێندکارانی زانکۆ و بەشی هەرە زۆری کۆمەلانی خەڵك داهاتوویەکی گەش لە سبەی و دوارۆژی ژیانیان بەدی ناکەن، فشاری ئابووری، زەبرو زەنگ و سەرکوتی سیاسی و گەندەڵیی هەوسار پچڕاوی حکومەتی، ئێرانی لە خەڵکانی ئێران کردۆتە دۆزەخ، بەو حاڵە تۆ بڵێی گوڵشیفتەکان و مێشکە راکردووکانی دیکە لە ئێران تاوانیان کردبێ کە خۆیان لەم دۆزەخە رزگار کردوە؟ ئەوانەی دەڕۆن دەیانەوێ بژین، دەیانەوێ گەشە بە توانایی و لێهاتوویەکانی خۆیان بدەن، دەیانەوێ بۆ پێشەوە هەنگاو باوێن، لە مانەوە بێزارن، عەودالی ئاوات و ئامانجەکانیانن و ئێران بۆ ئەوان بەستێنێکی زۆر بچووکە کە ناتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە. ئەوانی وە شوێن ئاوات و خۆزیاکانیان کەوتوون و وڵاتەکەیان بە ناچاری جێ هێشتوە، هیچ تاوانێکیان نەکردوە، تاوانبار ئەو کەسانەن کە دەسەڵاتی ئێرانیان قۆرخ کردوە، قەیرانی ئەمنییەتی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، پەروەردەیی و مەعیشەتییان بۆ خەڵکی ئێران خولقاندوە و وایان کردوە کە خەڵکی ناچار بن بە هەزار نیشتمان و وڵاتی خۆیان جێ بهێڵن.

# "باخ" لە وایماردا ( ١٧٠٨ تا ١٧١٧ )

و: تەها رەحیمی

پاش ماوەی کەمتر لە ساڵێك باخ مول هاوزنی جێهێشت و کۆچباری بەرەو وایمار تێك نا، بڕیار بوو لەو شارە پلەی ئۆرگژەنی و کۆنسێرتی مایستەر (بەرپرسی گروپی موسیقا)ی دەرباری دوکی وایمار بگرێتە ئەستۆ، کە ئەو بەرپرسیارێتییانە زۆر لەو پلەوپایانە جیاوازبوون کە لە مول هاوزن هەیبوو. دەست و دڵاوایانە بۆ ئەو پلەیە مووچە دەدرا، لەوانەیە هیوای کارکردن لەگەڵ گروپێکی گەورەی ژەنیاری پرۆفشناڵی مووچەی بەرز باخی لە بڕیاردان سوورتر کردبێ. باخ و بنەماڵەکەی چوونە ماڵێکەوە کە بە پێیان تا کۆشکی دوکە وایمار پێنج خولەك دوور بوو. ساڵی دواتر یەکەم منداڵیان بوو و خوشکە گەورەکەی ماریا باربارا کە هێشتا هەر کچ بوو، بۆ یارمەتیی کاروباری نێوماڵ هاتە لایان و تا کۆتایی تەمەنی واتە ساڵی ١٧٢٩ هەر لەگەڵیان بوو. دوو کوڕی باخ، یولهوم فریدمان و کارل فیلیپ، کە لە بواری مۆسیقاشدا بە توانا و بەهرەمەند بوون لەو شارە لە دایك بوون.

پێگەی باخ لە وایمار دەسپێکی قۆناخێکی بەهێزی دانانی بەرهەمە کلاوەیی و هەروەها بەرهەمە ئۆرکێسترییە، کە لە مەودای نێوان دانانی ئەو کۆپلانەدا، بەو پلەیە لە لێزانی تەکنیکی و دڵنیایی گەیشت کە بتوانێ پێکهاتە مەزنەکانی پێوەری ئاسایی و زاڵ گەشە پێ بدا و بە وێنەیەکی ئاوێتەگەراکان (ترکیب گرایان - Synthetically) کاریگەریی موسیقای وڵاتانی دیکەی پێوە دیار بێ. لە موسیقازانە ئیتالیاییەکانی وەك ویدالدی، کورلی، توررللی شێوازی دانانی چوونە ژوورەوەی دراماتیك (تصنیف ورودی دراماتیك) فێر بوو و چۆنێتی درەوشاوە، ریتمە جووڵەرو زیندووەکان و پلانە هارمونیکە پاوجێکانیان لێ فێر بوو. باخ زۆرتر بە نووسینەوەی کۆنسێرتەکانی ویوالدی بوهاپسیکۆرد و ئۆرگ، خۆی لە لایەنەکانی مێتۆدی ناوبراودا سەقامگیر کرد. ئەو کۆنسێرتوانەی ویوالدی بۆ تیپی ژەنیارانی دانابوون و نووسینەوەیان لە لایەن باخەوە هێشتاش بەو



کۆپلە لە بەر دڵانە دەژمێردرێن کە لە کۆنسێرتەکان پێشکەشی دەکەن. وێدەچێ باخ بیری روونووس کردنەوەی نوێترین و باوترین موسیقای ئیتالیایی لە شازادە یوهان ئێرنێستەوە وەرگرتبێ. ئەو شازادەیە کە خۆی ژەنیارێکی پرۆفشناڵ بوو، بە

پاشای باخ و هەروەها ئەو کەسەی بۆو ئیشە وەرگرتبوو دەژمێردرا. ساڵی١٧١٣ دوك لە سەفەری "ناوچە پێدەشتەکان" (ناوچەیەکی تەنگەبەر لە نێوان چۆمی راین و دەریای باکووردا) هاتەوە. کۆمەڵێکی زۆری دانراوی (تنصیف) بە نووسرانەوەی نوێترین و باوترین


موسیقای ئیتالیایی کە ئۆرگژەنی کوێر "یان جاکوب دگراف" دایاننابوون، هەبووبێ.(٢) ناوبراو بە تایبەتی هۆگری سترەکتۆری "سلو - توتی" (Solo-tutti) بوو. لەو دانراوانەیدا کە ئەو پێکهاتەیان هەیە، یەك یا چەند سازی تاك (سلو) دەگەڵ ئۆرکێستی لە هەمووی مووماندا (Continua) بەش بەش جێی خۆیان بە یەکی دیکە دەدەن، ئەو تایبەتمەندییە ئیتالیاییانە لە هێندێ بەشی پرلوودی "سوسیتی ئینگلیزی ژمارەی ٣" بۆ هارپسیکۆرد (١٧١٤) کاری باخ کە لە خوارەوە هاتووە، دەبیسرێ. نۆرە بە نۆرە (تناوب) بە فۆرمی سۆلو - توت لە ژەنینی ئۆرگدا کاتێ دێتە دی کە ژەنیار بە کلاوەکانی خوارێ ( کە دەنگی گرتر و تیژتریان هەیە) و کلاوەکانی سەرێ کە (دەنگیان ناسکترە) هاتووچۆیەکی لێزانانە بکا.

باخ لە وایمار توانایی و دەرفەتی ژەنینی ئۆرگ و دانانی (تنصیف) بەرهەمی بۆ ئەو سازە هەبوو. هەروەها ئەگەری بەڕێوە بردنی "پرتوار"ێکی لە بەرهەمی موسیقای کۆنسێرتی بە یارمەتیی تیپی موسیقای دوك، بۆ دابین بوو. دانانی بەرهەمگەلی بەهێزی باخ - کە مامۆستای تەکنیکەکانی کنتریۆئانی بوو - لە فۆرمی فۆگ لە وایمار دەستی پێکرا. مەزنترین بەرهەمی فۆگی ئەو لەو سەردەمەدا "کلاوی خۆش قۆرمیش"ە. ئەو کۆپلەیە لە ٤٨ پرلوود فۆگ پێك هاتوە، جووتێك بۆ هەر هەنگاوێکی گەورەی رێژەیی (ماژور) و هەنگاوی گچکەی (مینۆری رێژەیی). ئەو بەرهەمە بە پێی پێوەری بەکارهێنەری کنترپۆئان و لێکۆڵەری سنووری تەواوی هەنگاوەکان و شێوە دەربڕینێك کە بە کەڵکوەرگرتن لە جیاوازییە کەمەکانی ئەوان لەگەڵ یەکتردا - کە بۆ ژەنیار بە، بەکارهێنانی قورمیش بە پێی مێتۆدی وەك مێتۆدی ئاندریاس وەرك ماستر - دەلوا، زۆر بەرزو شازە.

لە کاتی وەرگرتنی پلە لە وایمار، باخ کار لە سەر کورتە کتێبی ئۆرگ "کتابچە ئۆرگ" بۆ کوڕە گەورەکەی، ویلهولم فریدمان دەست پێدەکا. ئەو کتێبە کۆمەڵێك لە کورالەکانی لوتری (سروودە رۆحانییەکان) لە خۆ دەگرت کە بۆ یارمەتی بە ژەنیارانی ئۆرگ، بە شێوازێکی پێچەڵاوپێچ ئامادە کراوە. ئەو کتێبە دوو بن مایەی ژیانی باخ دەنەخشێنێ،

# نووسەرێکی فەرەنسی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ٢٠٠٨ی بردەوە

ئا: ئەدەب و هونەر



رۆژی پێنج شەممەی رابردوو لە نێوان ئەو پێشبینییە جۆراوجۆرانەدا کە لە رۆژێك پێشترەوە پەرەیان ئەستاندبوو، ئاکادمیای سەڵتەنەتی سوێد ژان ماری گوستاو لۆکلزیۆ، رۆماننووسی ناوداری فەرەنسی وەك براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات لە ساڵی ٢٠٠٨دا ناساند.

ئاکادمیای سوێد کە هەموو ساڵێك وەرگری ئەم خەڵاتە یەك میلیۆن و نیو دۆلارییە دیاری دەکات، لە بەر ئەو رۆمان، وتارو چیرۆکانەی کە بۆ منداڵانی نووسیون، دەستخۆشی لە بەڕێز لوکلزیۆ کرد.

لە ساڵی ١٩٨٥ەوە کە کلۆود سیمۆن، رۆماننووسی فەرەنسی، نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت، ئەمە یەکەمین جارە کە فەرەنسییەك ئەم شانازییەی بە نسیب دەبێت.

لە بەیاننامەکەی ئاکادمیای سوێددا ژان ماری گۆستاو لوکلزیۆ وەك "نووسەری رێگا نوێیەکان، چیرۆکە شاعیرانەکان، هەژان و هەست، دۆزەرەوەی مرۆڤ لەوبەرترداو هەناوی شارستانییەتی دەسەڵاتدار" ستایشی کراوە.

ئەو کە لە "نیس"ی فەرەنسا (ساڵی ١٩٤٠) لەدایك بوو، هەر لە منداڵییەوە رووی لە نووسین کردو تاکوو ئێستا نزیك بە ٣٠ کتێبی بڵاو کردۆتەوە کە لەواندا دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵێك کورتە چیرۆك، رۆمان و کۆی وتارەکانی بکەین.

توێژینەوەیەك کە ساڵی ١٩٩٤ لە لایەن گۆڤاری ئەدەبیی "لیر"ی فەرەنساوە بەڕێوە چوو، نیشانی دا کە ١٣٪ خوێنەرانی فەرەنسی ئەو بە گەورەترین نووسەری زیندووی فەرەنسا دەزانن.

بەڕێز لوکلزیۆ لە ساڵی ١٩٦٣دا خەڵاتی ئەدەبی "رنۆدۆ"ی سەبارەت بە رۆمانی "ئەجندا" (صورت جلسە) وەرگرت، بەڵام بەشێکی بەرچاوی ناوبانگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سێ رۆمانی "بیابان"، "گرانەتی"و "دادپەروەری".

لە ساڵی ١٩٦٤یشدا کە ژان پۆل سارتەر لە لایەن ئاکادمیای سەڵتەنەتی سوێدەوە هەڵبژێردرا، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی رەت کردەوە.

لەوێوە کە پێڕستی بژاردەکانی خەڵاتی نۆبڵ لە هیچ رشتەیەکدا هیچکات راناگەیەنرێت، هەمیشە هەتا ئەو ساتەی کە سکرتێری تاهەتایی ئاکادمیا، هاریس ئەنگدال، ناوی برەوەکە دەخوێنێتەوە، پێشبینییەکان بەردەوام دەبن.

رۆژنامەی سوێدی زمانی "ئێسونسکا داگ بلادێت" پێشتر ئاماژەی بەوە کردبوو کە بە دڵنیاییەوە خەڵاتی ئەدەبیاتی ئەمساڵ بە شاعیر یان نووسەرێکی ئەمریکی دەدرێت و ناوی فیلیپ راس، رۆماننووسی ناسراوی ئەمریکی و ئادۆنیس، شاعیری سوری هێنابوو.

لە دوای ئەوەی کە هاریس ئەنگدال لە دیمانەیەك لەگەڵ هەواڵنێریی "ئاسۆشیتدپریس"دا وتی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر بەجێ ماوەو ئاگای لە هیچ شوێنێك نیە کە بتوانێت لەگەڵ ئوروپا، وەکی ناوەندی ئەدەبیی جیهان، رکابەری بکات، کۆمەڵێك کەس ئاماژەیان بە بوونی دەمارگرژیی دژە ئەمریکایی لە ئاکادمیای نۆبڵدا کرد.

ئەم کەسانە پێیان وا بوو کە بوونی ئەم لایەنگرییانە شانسی نووسەرانێکی ئەمریکی لە چەشنی فیلیپ راس، جۆیس کرۆل ئوتس و دان دلیلۆ دادەبەزێنێت.

لە ساڵی ١٩٩٤ەوە کە کێنزابورۆئویە، نووسەری ژاپۆنی نۆبڵی ئەدەبیاتی بردەوە، نۆبڵی ئەدەبیات پتر بە ئوروپاییەکان دراوەو ٩ نووسەری ئوروپایی ئەم خەڵاتەیان بردۆتەوە کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە دوریس لیسینگی بریتانی بکەین کە سێ ساڵ پێش ئێستا ئەم خەڵاتەی بوەرگرت.

لە نێو بەرهەمەکانی ماری گوستاو لوکلزیۆدا رۆمانی "بیابان" لە لایەن دەزگای چاپی "کاروان"ەوە لە ئێراندا بڵاو بۆتەوە (ساڵی ١٣٨٤).

# بڵاوکراوەی نوێ




ئەی وەهمی پرشنگدار
داڵدەم دە
دەمەوێ چرکەیەك لە نووردا بسوتێم!
ئەم پێڵوە ماندووانەم
بێزارن لە چاوم
نازانم بە کێیان بسپێرم...

کتێبخانەی کوردی کتێبە شێعرێکی خانمە شاعیر، سارا فەقێ خدری لە ئامێز گرت. ئەم کتێبە کۆیەکە لە چەند شێعری جوان و رازاوەی خانمە شاعیری هەست ناسك. ئێمەش لەگەڵ ئاواتی سەرکەوتن بۆ شاعیر وێڕای جەبار جەماڵ غەریب دەڵێین:

**بنووسە ساراخان بنووسە....**
درەنگ هاتم ئازیزان زۆر درەنگ....
ژنێکم بە هەموو برینەکانی سەردەمی خۆمەوە...

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

No: 496  21 Oct  2008

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 -  MHZ: 11604 -
Polarization: Vertical  -  S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## شوێنەوارە مێژووییەکانی پارێزگای سنە بەرەو لەنێو چوون دەڕۆن



شوێنەوارە مێژووییەکانی پارێزگای سنە بە هۆی پێرانەگەیشتنی بەرپرسانی دەوڵەتی و نەگرتنە بەری سیاسەتێکی گونجاو بۆ پاراستنیان بەرەو لەنو چوونە دەڕۆن.

لەمبارەیەوە ئاژانسی هەواڵدەری"مهر" کە هەواڵدەرێییەکی دەوڵەتییە لە سەر زاری فەرمانداری سنەوە بڵاوی کردەوە کە لە سێ ساڵی رابردوودا نۆژەن کردنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکانی شاری سنە گرینگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە کە ئەوەش بۆ داهاتوو ئاکامێکی باشی نابێ.

فەرمانداری سنە هەروەها وتوویەتی کە هەندێك لە گەڕەکە قەدیمی‌یەکانی شاری سنە کە مێژوویەکی زیاتر لە ٢٠٠ ساڵەیان هەیە دەرووخێندرێن و بە جێگەی ئەوانە بینای چەند نهۆم دروست دەکرێ، ئەگەر ئەو رەوتە درێژەی هەبێ لە داهاتوویەکی نە زۆر دوور دا هیچ شوێنەواری مێژوویی لەو شارەدا نامێنێ.

هاوکات لەگەڵ لەنێو چوونی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان، لە ساڵانی رابردوودا ئاسەوارە مێژووییەکانیش لە لایەن باند و گرووپەکانی سەر بە رێژیمەوە تاڵان دەکرێن و کەلوپەلەکانیان رەوانەی موزەخانەکانی وڵاتانی رۆژئاوا دەکرێن.

گەورەترین دزی ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستان کوڕەکەی هاشمی رەفسەنجانی‌یە کە بە هاوکاریی هەندێك خەڵکی چاوچنۆکی کورد لە ١٠ ساڵی رابردوودا بە سەدان پارچە ئاسەواری مێژوویی کوردستانیان بە تاڵان بردوە.

شایانی باسە ئەو باندە دزییەی ئاسەوارە مێژووییەکان لە ٥ ساڵی رابردوودا رۆڵیان هەبووە لە دزینی ئاسەوارەکانی باشوری کوردستان و عێراق و تا ئێستا لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی هەرێم و عێراقەوە چەندین جار دزینی ئاسەوارە مێژووییەکان بەرەو ئێران ئاشکرا کراون.

## فیلمەکانی بەهمەن قوبادی لە دیاربەکر و باتمان نیشان دران



بەرهەمە سینەماییەکانی دەرهێنەری کورد بەهمەن قوبادی لە رۆژانی ١٣تا ١٦ی ئۆکتۆبر لە بەرنامەیەك دا کە تایبەت بوو بە چاوخشاندن بە بەرهەمەکانی ئەو دا لە شارەکانی دیاربەکر و باتمان نیشان دران.

شایانی باسە فیلمە سینەماییەکانی "نیوەی مانگ"و "کیسەڵەکانیش دەفڕن" لە دەرهێنەریی قوبادی لە دواین فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی "ئێتنا" (Etnia) دا نیشان دران. ئەم فیستیڤاڵە لە رۆژانی ٩ تا ١٢ی ئۆکتۆبر لە شاری تۆرکۆی وڵاتی فینلاند بەڕێوەچوو.

سەرچاوە PNA

## وەزیری ئیرشاد هەڕەشە لە هونەرمەندە ئێرانییەکانی هالیوود دەکا



وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی ئێران رۆژی شەممە ( ٢٧ی رەزبەر) رووەو ئەو هونەرمەندییە ئێرانییانەی لە هالیوددا کار دەکەن گوتی: "ئەگەر کەسێك قانوون لە ژێر پێ بنێ، بۆخۆشی لە ژێر پێ دەخرێ".

محەمەد حوسێن سەفار هەرەندی کە لە بەرنامەی "نگاه يك"ی تلویزیۆنی دەوڵەتیی ئێران دا قسەی دەکرد لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئایا ئەو هونەرمەندانەی لە هالیوود دا کار دەکەن، لە ئێرانیش دەرەتانی چالاکییان هەیە گوتی:"سنوورێك کە لە کاری ئێمەدا باڵادەستە، ئەمەیە کە کەسێك پێ نەنێتە دەرەوەی سنوورە قانوونییەکان. بەڵام ئەگەر کەسێك قانوون لە ژێر پێ بنێ بۆخۆشی لە ژێر پێ دەخرێ." ئەمە نوێترین پەرچەکرداری وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی بە بەشداریی گوڵشیفتە فەراهانی لە فیلمی "کۆمەڵەی درۆکان" بەرهەمی ریدلی ئیسکات و بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەورگێڕانی میترا حەجاز لە فیلمێکی دیکەی هالیوود دایە.

گوڵشیفتە فەراهانی یەکەم هونەرمەندی نیشتەجێی ئێرانە کە لە ساڵی ١٣٥٧ەوە تا ئێستا لە فیلمێکی هالیوودیدا دەوری گێڕاوە.

## یارییەکی پلەی ستەشین لەبەر موسڵمانان لە بازاڕ کۆ کرایەوە



کۆمپانیی ژاپۆنیی سۆنی رۆژی دووشەممە (٢٠ی ئۆکتۆبر) رای گەیاند کە فرۆشتنی جیهانیی یەکێك لە یارییە ویدیۆییەکانی خۆی لە بەر پاراستنی رێز و سووکایەتی نەکران بە موسڵمانان وەدواخستوە.

دەگوترێ کە لە یەکێك لە گۆرانییەکانی باکگراوندی یاریی " ئەستێرەی گەورەی بچکۆڵانە"دا کە ئۆگرانی پلەی ستەیشن لە مێژە چاوەڕوانی دەکەن، چەند رستەیەك لە کتێبی ئاسمانیی قورئان هاتوە کە لەوانەیە بە سووکایەتی بە موسوڵمانان لە قەڵەم بدرێ. ئەم گۆرانییە هی گۆرانیبێژێکی خەڵکی مالییە بە ناوی تومانی دیاباتە.

کۆمپانیی سۆنی رایگەیاندوە کە دوای لابردنی ئەم چەند رستەیەی قورئان، ئەو یارییە ویدیۆییەی خۆی کە بە "شۆڕشگێڕانە"ی لە قەڵەم داوە و بڕیار بوو رۆژی هەینی داهاتوو بفرۆشرێ لە رێکەوتی ٢٧ی ئۆکتۆبردا لە ئامریکای باکوور و لە ٣٠ی ئۆکتۆبردا لە ژاپۆن دەنێرێتە فرۆشگاکان.




## بەرەو ٦٠ ساڵەی دەرچوونی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

بەر لەماڵاوایی

### (١٠ی دیسامبری ئەم ساڵ، ٦٠ ساڵ بە سەر دەرچوونی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دا رادەبرێ)

قادر وریا

شێستەمین ساڵی دەرچوونی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، جێی خۆیەتی لە کوردستان دا بایەخی تایبەتی پێ بدرێ و وەك بۆنەیەکی گرنگ سەیری بکرێ.

بە داخەوە هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بڕیاربەدەستانی دنیای ئەمڕۆ، ئامادە نین پرسی کورد لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان، بە جۆرە کە هەیەو، وەك پرسێکی سیاسی و کێشەی نەتەوەیەکی وڵات داگیرکراوو بێبەشکراو لە مافی پێکەوەنانی کیان و دەوڵەتی خۆی سەیر بکەن. ئێستا دەبێ شوکرانەبژێر بین کە لانیکەم ئامادەن لە دەلاقەی مافی مرۆڤەوە سەیری ئەم کێشەیە بکەن و لەم چوارچێوەیەدا دوو قسەی خێر بۆ نەتەوەکەمان بکەن، ئەگینا لە سەردەمانی پێشتردا، کوردیان بە تەواوی پشت گوێ خستبوو و تەنانەت ئامادە نەبوون لە سەر مافە ئینسانییەکانی تاکی کوردیش وەجواب بێن.

بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە مێژ ساڵە بووە بە رێنوێن و رێنیشاندەری مرۆڤەکان بۆ ئاگادار بوون لەو ماف و ئازادییانەی دنیا ددانی پێ داناون و سەلماندوونی. بووە بە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی کارنامەی دەوڵەتان لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکی ژێر دەسەڵاتدارەتیی ئەوان دا. ئەگەر ئەم ماف و ئازادییانە لە زۆر وڵاتی جیهان دا، نیهادینەو جێگیر بوون و لە رێگای پەسەندکردنی کونوانسیۆن و پەیماننامە تایبەتییەکانەوەو پێکهێنانی دەزگاو دامەزراوی جۆراوجۆرەوە، هەوڵی قوولکردنەوەو پەرەپێدانیان دراوە، لە زۆر وڵات دا بەداخەوە هێشتا ددانیان پێدانەنراوەو، دانیشتووانیان بە تەواوی لێیان بێبەشن.

ئێرانی ژێر دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی، نموونەی ئەو وڵاتانەیە کە هیچ چەشنە رێزێك بۆ نێوەرۆکی ئەو بەیاننامەیە دانانێن و بە هەر شێوەیەك هەوڵ دەدەن دانیشتووان و خەڵکی ژێر فەرمانڕەوایی خۆیان، لە هەرچی ماف و ئازادییەکی بە مرۆڤەوە رەوا بینراوە، بێبەش کراون. بەڵام خەڵکی ئێران و لە پێشەوەی ئەوان نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئاکامی ناسینی ماف و ئازادییەکانی خۆیان دا لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە بە ئاگاداری لە بایەخدانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە مافی مرۆڤ، خەباتێکی مەدەنیی بەربڵاویان لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا دەست پێ کردوە کە دابین کران و بە رەسمی ناسرانی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە ئێرانی ئەمڕۆدا، ئامانجی سەرەکییەتی. سەرەڕای هەموو بەربەست و کەندو کۆسپ داتاشینێك، رۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و سەدان تێکۆشەرو چالاکی ئەم بوارەیە. ئەگەرچی سەرۆکی ئەم رێکخراوەو دەیان تیکۆشەری بواری مافی مرۆڤ بە تاوانی لەقاودانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و، هەوڵدان بۆ هاتنەدی ئەو مافانە، ئێستا لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی دان، بەڵام خەباتی مەدەنی و هەوڵدان بۆ ئەم ماف و ئازادییە مرۆییانەی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامەکانی سەر بەو بەڵگەنامە مێژوویی و جیهانییە بە رەسمی ناسیون، بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە. ئەم مانگرتنە پڕشکۆیەی بەندییە سیاسی و مەدەنییە کوردەکان لە بەندیخانەکانی رێژیمی ئێران، لە مانگەکانی خەرمانان و رەزبەری ئەمساڵ دا بۆ ماوەی ٤٥ رۆژ بەڕێوەیان برد، حەرەکەتێك بوو لە خزمەت ملکەج کردن بە رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاست مافەکانی مرۆڤ دا.

بەڵام نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، وەختایەك ئاکامی دڵخواز لە هەوڵ و تێکۆشانی پڕ لە قوربانیدانی رۆڵەکانی خۆی لە پێناوی مرۆڤ دا وەردەگرێ کە یەکیەتی، یەکگرتوویی، هاوکاریی و تەبایی لە نێوان سەرجەم تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات دا هەبێ.

٦٠ ساڵەی دەرچوونی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دەتوانێ بۆنەیەکی گونجاو بێ بۆ پیشاندانی هاوهەنگاوی و هاودەنگی و، داواکردنی ماف و ئازادییە مرۆییەکانی گونجاو لەم بەیاننامەیەدا. نێوەڕۆکی ئەو بەیاننامەیە دەتوانێ ویستی هاوبەشی هەر هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسی‌یەکان و تێکۆشەران و چالاکانی مەدەنی و مرۆڤدۆست بێ. با لە ئێستاوە بیر لە کاری هاوبەش لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بکەینەوەو پێکەوە بە پێشوازی ٦٠ ساڵەی دەرچوونی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤەوە بچین. بە دڵنیایی یەوە دەڵێم، هەم لە نێوخۆی کوردستان دەتوانین گەورەترین حەرەکەت بە نیشانەی بێزاری لە کارنامەی پڕ لە تاوان و جینایەتی کۆماری ئیسلامی وەڕێ بخەین، هەم لە دەرەوەی کوردستان و لە پێوەندی لەگەڵ رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دا دەتوانین شوێن لە سەر بڕیاری ئەوان لە پێوەندی گەڵ رێژیمی ئێران دا دابنێین بەو مەرجەی یەك بگرین، دەنگمان بکەین بە یەك و، هێزو تواناکانمان لە پێناوی گوشار هێنان بۆ کۆماری ئیسلامی و ملکەج کردنی بۆ مافی مرۆڤ، بخەینە سەر یەك.